# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی پێنجەم ژمارە(115) بەرواری 15–2–2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## دواخستنی موچەی مانگانەی کرێکارانی ژینگەپارێز، هیچ پاساوێکی خاوەن کۆمپانیاکان هەڵناگرێ!...

ل5

## وتەی ژمارە

## لە ١٧ شوباتەوە، تا ئێستا

عەبدوڵا مەحمود

١٧ ی ئەم مانگە ١١ ساڵ بەسەر هاتنەمەیدان و خرۆشانێکی گەورەی جەماوەری لە کوردستاندا تێدەپەڕێت. خۆپیشاندان و خرۆشانێک لەگەڵ ئەوەدا تەنها لەبەشێکی هەرێم و لە زۆنی سەوزدا روویدا، بەڵام قوڵایی و زەمینەی ئەو ڕاپەرین و هاتنە مەیدانە جەماوەرییە، سەراسەری هەرێمی کوردستان بوو.



١٧ شوبات، لە درێژەی نارەزایەتی بەردەوامی لەپێشتری جەماوەری کوردستان، روویدا. بەڵام بە ناوەرۆکێکی گەورەتر، بە هێزیکی زیاتر، تا ڕادەیەک یەکگرتووتر و فراوانتر، بەخواست و داواکاری دیاریکراو، وە لەهەلومەرجێکی تایبەتدا، کە ڕاستەوخۆ ئیلهامی لەشۆرش و ڕاپەرینەکانی دنیای عەرەب وەرگرت. هەلومەرجێک کە بەجیا لەوەی چەندین دەسەڵاتی لەچەشنی دەسەڵاتی میسر و تونس و یەمەنی بەخێراییەکی زۆرەوە ڕامالّی، هاوکات تەواوی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و بنەماڵەییەکانی، توشی شۆکێکی گەورە کرد و زەمین لەرزەیەکی گەورەی لە ئاستی جیهانیدا نمایش کرد. بێ توانایی زلهێزەکانی لە بەرگری لەو وڵاتانەی پەیوەندی مێژووی و بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری و جیۆپۆلیتیکی لەگەڵیان هەبوو، نیشاندا، کە نەک توانای بەرگری لە دەسەڵاتی هاوپەیمانەکانیان نەبوو، بەڵکو پێشبینی خرۆشان و شۆڕشی جەماوەرییان لەدژی ئەو دەسەڵاتانە نەدەکرد. خرۆشانی جەماوەری لە کوردستان و لەدڵی هەلومەرجێکی ئاوادا، بەجیا لە ڕەوایەتی بەخشینی بەکردەوەی خەڵکی کوردستان لە خرۆشان و راپەرینی رەوای برسییەکان و ئازادیخوازانی دنیا عەرەب، هاوکات نیشاندان و خستەرووی هاوچارەنووسیان بوو.

هەمان ئەو هۆکارانەی کە شۆڕشی برسییەکان و ئازادیخوازانی لە دنیای عەرەبدا لە پێناو نان و ئازادی و خۆشگوزەرانی و شکۆی ئینسانی و لەدژی دەسەڵاتی سەرکوتگەر و بنەماڵەیی، دروست کرد، بە زیادەوە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بوونیان هەبوو. برسێتی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، سەرکوتی بەردەوامی ئازادییەکان و شکاندنی شکۆ و بەهای ئینسانی، لەلایەن چەنە دەسەڵاتی بنەماڵەیی و تاڵانچی،

بۆ لاپەڕە 2

## دەبێ دەستبەجێ و بێقەیدو شەرت موچەی کرێکارانی ژینگەپارێز بدرێت بەو ڕۆژانەشەوە کە مانیان گرتووە...



زیاتر لە هەزاران کرێکاریی ژینگە پارێز لە زۆرێک لە شارو شارۆچکەکان کە کاریان کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک و فڕیدانیەتی، بەهۆی دواخستنی موچەکانیان، کە هەندیکیان، ٧٠ رۆژە موچەیان پێ نەدراوە دەستیان داوەتە مانگرتن. ئەو کرێکارانە کە کارێکی یەکجار قورس و هاوکات کارێکی گرنگ و ئینسانی دەکەن، بەوەی کە شەقام و گەڕەکەکان لەخۆڵ و خاشاک و پیسی پاک دەکەنەوە، سیمای جوانی

بۆ لاپەڕە 3

## بڕیاری دژە کرێکاریی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، دەبێ توڕ بدرێت...




وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و بەنووسراوێک کە بەرواری ٣١/١/٢٠٢٢ لەسەرە، بڕیاری داوە کە کەمترین موچەی کرێکارانی لە کەرتی تایبەت (٣٥٠٠٠٠ ) سێ سەدو پەنجا دینار کەمتر نەبێت و بۆ هەر سەعات کارێک ( ٢٥٠٠) دوو هەزار و پێنجەسەد دیناری دیاری کردەووە.

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* گرینگی چینی کرێکار ناکرێت فەرامۆش بکرێت.................................. ل4
* کەم ئەندام کردنی جنسی {خەتەنە} تاوانێکی ئاشکرایە بە دژی ژنان...ل6
*ئیسلامی سیاسی کوردستان و ژن کوشتن.........................................ل7
* ژن و ئابوری..............................................................................ل7


## دۆسیەی ژمارە“ پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق“



هەریەك لە بەڕێزان خەلیل غەزەلی و سمکۆ ڕەشید بەشداری دۆسیەکەیان کردووە...ل10-11-12




پرسی ڕۆژ ل5 | پرسی ژن ل7 | کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9




## درێژەی وتەی ژمارە

سەرچاوەی پەیوەست بوونی جەماوەری کوردستان بە تەوژم و شەپۆلەکانی ڕامالینی دەسەڵاتەوە، بوو.

راستە چ لە دنیای عەرەب و چ لە کوردستاندا، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و ڕاپەرین بە دوا مەنزڵی خۆی نەگەیشت، بەڵام ڕامالینی چەند دەسەڵاتێکی هاوپەیمانی ئەمریکا و غەرب و غولئاسای وەکو میسر، توانایی هیزی جەماوەری نیشانی دنیادا، ئیدەی شۆرش و دەستبردن بۆ شۆرشی کردەوە بە بابەتی رۆژ و نیشانیدا هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بەرگەی سیلاوی جەماوەری نارازی بگرێت. هاوکات ئەو راستیەی نیشاندا کە هێزی شاراوەی جەماوەری لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتە سەرکوتگەر و دژە ئازادیی و بنەماڵەیانەدا، هەمیشە ئامادەیی هەیەو هەرکاتێک زەمینەی بۆ رەخسا، وەکو دێوێکی سڕکراوی کاتی، بەڵام پڕ وزەی جیگیر واخۆی نمایش دەکات، کە دەسەڵاتی سیاسی و تەنانەت خودی کۆمەڵگەش توشی ڕاچەنین دەکات. بۆرژوازی لە ئاستی دنیای عەرەب و ئەوروپا و ئەمریکادا، هێندە غافڵگیری بزوتنەوەی نارەزایەتی و شاراوەی جەماوەری بوون، کە گەورە سیاسەتمەداران و توێژی لیکۆڵەر و شارەزاکانیان و دەزگا هەواڵگرییە پان و پۆرەکانی، توشی شۆک کرد.

لەکوردستاندا، ١٧ شوبات لەگەڵ ئەوەدا درێژکراوەی شۆرشی برسییەکانی و ئۆردوی ئازادیخوازی بوو، هاوکات ڕیشەی لە واقعیەتی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستاندا بوو، ریشەی لەو نابەرابەرییە ئابوریەدا بوو، کە کەمایەتییەک سەرمایەدار و بنەماڵەی دەستڕۆشتوی حزبی بردۆتە کەشکەلانی فەلەک و بەهەشتیکی بۆ خولقاندون کە بەهەشتی ئەفسانەئامیزی خودا لە چاویدا، کەلاوە و ژیان تیادا پوچە. بۆ بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەش، دۆزەخێکی لەسەر ئەم زەویە بۆیان خولقاندووە کە دۆزەخی دنیای سبەینێ لەچاویدا، بەهەشت و بێ کێشەترو ئارام ترە،

لە ١٧ شوباتی ٢٠١١ وە بۆ ١٧ شوباتی ئەمساڵ، ئەو واقعیەتە چینایەتی و ئەو نابەرابەرییە ئابورییە چەند قات بۆتەوە. ئۆردی برسییەکان چەند بەرابەر زیادی کردووە، هەژاری و نەبوونی بێداد دەکات، ئاسەوارێک لە خزمەتگوازرییەکانی پێشوو نەماوە، سەرکوتی ئازادییەکان و زەوتکردنی مافە فەردی و مەدەنیەکان، بە خێرایەکی زۆر چۆتە پێشەوە، شکۆی تاک و کۆمەڵ بێبەها کراوە. دەسەڵاتی بنەماڵەیی و نەریتی و بۆماوەیی زۆرتر و بەهێزتر کراوە و هیچ حزب و لایەنێکی بۆژوازی نییە، تەوریسی سیاسی شادەماری نەبێت. ئاسۆی سیاسی سەرجەم هێزە بۆرژوازییەکان لێڵ و نارۆشنە، بەتایبەتی ئاسۆی سیاسی حزبە دەسەڵات بەدەستەکان. پێگەی سیاسییان لە ئاستی عیراق و ناوچەکەدا رووی لەداکشانێکی زۆرە، هەموو هەوڵی بۆرژوازی کورد ئەوەیە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە جێگای مەقبولیەت بێت و موچەیان بۆ فەرمانبەرانیان پێ بگات.

لە ١٧ شوباتەوە تا ئێستا بەجیا لە دارمانی پێگەی ناسیونالیزمی کورد و پاشەکشەپێکرانی لە هاوکیشەکانی ناوچەکەو لەئاستی دنیا و بەتایبەتیش لەچوارچێوەی عێراقدا، ڕوو بەڕووە لەگەڵ بزوتنەوەیەکی فراوانی نارەزایەتی، کە بەراورد بە ١١ ساڵ پێش ئێستا ناکرێت.

ئەگەر لە ١٧ شوباتدا، خۆشباوەڕییەک بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی مابوو، ئێستا ئەو خۆشباوەییە بەشێوەیەکی یەکجار زۆر رەویوەتەوە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا، ئومێدک بە چاکسازی دەسەڵات مابوو، ئێستا، ئەو ئومێدە ئاسەوارێکی نەماوە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا، باڵێکی نارازی بۆرژوازی کورد، بزوتنەوەی "گۆڕان" بەناوی چاکسازی و گۆرانکارییەوە لەمەیدان دابوو، تا سواری خواست و ویستەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی ببێت و لە بەرژەوەندی خۆی ئەو بزوتنەوەیە دەستەمۆ بکات بۆ دەست ڕاگەیشتن بەدەسەڵات، ئێستا ئەو رەوتە دواین نەفەسی مەرگی دەدات و گیان بەبەرداهاتنەوەی وەهمەو کاراکتەرەکانی موچەخۆری حزبی دەسەڵاتن و بەکردەوە لەبەرەی پارێزگاری لەدەسەڵاتدان و چارەنووسیان بە دەسەڵاتەوە شەتەک دراوە.

ئەگەر لە ١٧ شوباتدا خواستی جەماوەری سنوردار و داخوازی خزمەتگوزاری و چاکسازی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و وەستانەوە بەدژی گەندەڵی بوو، ئێستا خواستی جەماوەری لەئاستی فراوانی کۆمەڵایەتیدا ڕامالینی دەسەڵاتە... ئەگەر لە ١٧ شوباتدا بزوتنەوەی نارەزایەتی زۆرتر لە زۆنی سەوزدا خۆ دەردەخست، ئێستا لەسەرراسەی کوردستان و لە زۆنی زەردا مۆتەکەی دەسەڵاتە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا هوشیاری چینایەتی سنوردار و کەم ئەزموون، ئێستا هوشیاری چینایەتی تا رادەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە، لەماوەی ئەم ١١ ساڵەدا بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و ڕابەرانی ئەزمونێکی باشیان سەریەک ناوە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تری وەک بزتنەوەی کرێکاری و خوێندکاران و توێژە بێبەشەکانی تر پەیوەست بە بزوتنەوەی نارەزایەتی شەقام سنوردار بوو، ئێستا بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاری دەستی بەجمین و جوڵەی بەرچاو کردووە، بزوتنەوەی خوێندکاران بە هێزێکی کۆمەڵایەتیەوە هێزی خۆی نمایش کرد، ئەگەر لە ١٧ شوباتدا، پشتیوانی بزوتنەوەکان لە یەکتری لە ئاستی کردەنیدا کەم و بەتەسک بوو، ئێستا هاوئاهەنگی لەنێوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا پێشرەوی کردووە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا دەسەڵات پێگەی قایمتر و توانای فریوکاری سەرکوتی زۆر بوو، ئێستا دەسەڵات پێگەی لەرزۆک و شلۆق و توانای سەرکوتی کەمترە و جەماوەر تا ڕادەیەکی زۆر ترسی لە دەسەڵات شکاوە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا دەسەڵات پاساوی هەرەشەی دەرەکی بەتایبەت عێراقی بەدەستەوە دەگرت، ئێستا خۆیان دەستیان لەناو دەستی ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی عێراق و هەرەشە دەرەکیەکاندایەو لەبەردەم بارەگاکانیاندا بۆ موچەو پۆست، هەڵکوڕماون. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا رەوتگەلی ئیسلامی وەکو ئۆپۆزیسیۆن و بەوێنەی ئیخوانی موسلمینەوە نوێژی سیاسییان داهێناو توانایی خۆیان نمایش دەکرد، ئێستا سەرجەم بزوتنەوەی ئیسلامیەکان لە داعشە ڕەسەنە ئیسلامیەکەیانەوە بۆ یەگگرتووە دیماگۆجییە شلەتێنەکەیان، ڕوو لە پاشەکشەن و پشت و پەنای ئەردۆغانیەکەیان، روو لە دارمانە.

ڕابەرانی بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر، پێویستە ئەو ئاڵوگۆرە هەمەلایەنەیەی لە ١٧ شوباتی ساڵی ٢٠١١ وە تا ئێستا پێکهاتووە لە خەبات و تیکۆشانیاندا لەبەرچاو بگرن. کە سەرجەم ئەو ئاڵوگۆڕانە هاوسەنگی هێزی بەسودی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ستەمدیدە گۆریوەو لەهەر راسان و بزوتنەوەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا دەتوانێت رۆڵی کاریگەر لە یەکلایکردنەوەی پرسی دەسەڵاتی سیاسیدا بگێرێت. دیارە هەموو ئەو ئاڵوگۆرانە لەگەڵ ئەوەدا بە سودی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەیییە، بەڵام دوو فاکتەری تر رۆڵی سەرەکی لەسەرخستنی بزوتنەوەی جەماوەریدا بەرەو مەنزڵی خۆی دەگێڕێت. رێکخرابوون و یەکگرتووبوون هاوئاهەنگی نێوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەک و کۆبونەوە لەدەوری ئاسۆیەکی سیاسی رۆشنی شۆرشگێرانە...

**ناوەراستی فیبریوەری ٢٠٢٢**

**ئەگەر لە ١٧ شوباتدا، خۆشباوەڕییەك بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی مابوو، ئێستا ئەو خۆشباوەییە بەشێوەیەکی یەکجار زۆر رەویوەتەوە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا، ئومێدك بە چاکسازی دەسەڵات مابوو، ئێستا، ئەو ئومێدە ئاسەوارێکی نەماوە. ئەگەر لە ١٧ شوباتدا، باڵێکی نارازی بۆرژوازی کورد، بزوتنەوەی "گۆڕان" بەناوی چاکسازی و گۆرانکارییەوە لەمەیدان دابوو، تا سواری خواست و ویستەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی ببێت و لە بەرژەوەندی خۆی ئەو بزوتنەوەیە دەستەمۆ بکات بۆ دەست ڕاگەیشتن بەدەسەڵات، ئێستا ئەو رەوتە دواین نەفەسی مەرگی دەدات و گیان بەبەرداهاتنەوەی وەهمەو کاراکتەرەکانی موچەخۆری حزبی دەسەڵاتن و بەکردەوە لەبەرەی پارێزگاری لەدەسەڵاتدان و چارەنووسیان بە دەسەڵاتەوە شەتەك دراوە...**


# درێژەی... دەبێ دەستبەجێ و بێقەیدو شەرت موچەی کرێکاران ژینگەپارێز بدرێت بەو ڕۆژانەشەوە کە مانیان گرتووە...





شار وەکو خۆی دەخەنە ڕوو، کەچی لە جێگای ئەوەی کرێیەکی شیاو و دەرماڵەو چەندین ئیمتیازیان هەبێت، موچەیەکی کەمیان پێدەدرێت کە هیچ خێزانێکی کرێکاری بەشی هەفتەیەکی بەڕێوەچوونی ژیانی ناکات، بەو حاڵەشەوە ئەو موچە کەمە لەکاتی خۆیدا بە کرێکارەکان ڕەوا نابینن و بەپاساوی پوچ موچەکانیان دوادەخەن. کۆمپانیاکان بە بیانووی وەرنەگرتنی پارەکانیان لە حکومەت موچەی ئەو کرێکارانە نادەن، لە کاتێکدا ئەو کرێکارانە کار بۆ کۆمپانیا دەکەن، نەک بۆحکومەت و پەیماننامەی کاریان لەگەڵ کۆمپانیا هەیە، نەک حکومەت، کەچی کۆمپانیا چاوچنۆکەکان شانی خۆیان لە دانی موچەی ئەو کرێکارانە خاڵی دەکەنەوە و گوێ بەژیان و گوزەرانی ئەو کرێکارانەو گرێبەستی نێوانیان نادەن، کە ئەوان بەرپرسن لە دانی موچەکانیان لەکاتی خۆیدا.

مانگرتنی ئەو کرێکارانە بۆ موچەکانیان هێندە ڕەوایە، کە پێویستە تەواوی بەشەکانی چینی کرێکار و جەماوەرەی بەشمەینەتی کوردستان پشتیوانیان بکەن. شایانی باسە مانگرتنی کرێکارانی ژینگە پارێز، سلێمانی، ڕاپەرین و تەکییە، شۆڕش و چەمچەماڵ، بازیان و سەنگەسەر و قەڵادزێ و چەندین شوێنی تری گرتوتەوە و دەستیان داواتە کۆبونەوە و مانگرتن و خۆپیشاندان. کرێکاران بە بەردەوام بوونیان لە مانگرتن و نارەزایەتیەکانیان لە بەردەم کۆمپانیاکان و




شوێنی کاریان و بە ڕێکخراوبوون و یەکگرتووبوونیان، دەتوانن کۆمپانیاکان ناچار بەداخوازییەکانیان بکەن و لەوەش زیاتر ئەزموونی یەکگرتوویان، لە پێناو زیادکردنی کرێ و خواستەکانی تریاندا، بەدەستەوە بگرن. پاساوی کۆمپانیاکان پوچەو تەنانەت گەر مایەپوچیش بن، دەبێ دەستبەجێ و بێ قەیدو شەرت موچەکانیان پێبدرێت و بەموچەی ڕۆژانی مانگرتنیشەوە...

**کۆمپانیاکان بە بیانووی وەرنەگرتنی پارە لە حکومەت موچەی کرێکارانی ژینگەپارێز نادەن، لە کاتێکدا ئەو کرێکارانە کار بۆ کۆمپانیا دەکەن، نەک بۆحکومەت و پەیماننامەی کاریان لەگەڵ کۆمپانیا هەیە، نەک حکومەت.....**

**بۆیە دەبێ دەستبەجێ و بێقەیدوشەرت موچەی کرێکارەکان بدرێت بە ڕۆژانی مانگرتنیشەوە...**

# درێژەی... بڕیاری دژە کرێکاریی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، دەبێ تور بدرێت...

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزیرە وێژدان مردووەکەی، هەر سەعات کارێکی خۆی بە موچەو دەرماڵەو ئیمتیازاتەکانیەوە چەند بەرابەری موچەی مانگێکی کرێکارە. موچەی ژن و منالی ئەو وەزیرو وەزارەتخانەی کە جگە لە بوکەڵەیەکی ساختە بۆ پارێزگاری لەدەسەڵاتی سەرمایەو سەرمایەداری و پاراستنی دەسەڵات و تالانچێتی حزبەکان زیاتر شتێکی تر نین، زۆر زیاترە لە موچەی مانگانەی کرێکارانی ژینگە پارێز. کەچی هێندە وێژدان تۆپیوون سەعات کاری کرێکارێک کە شیلەی گیانیانی تیادا دەڕێژرێ و جەستەیان بەرەو داڕمان دەبات، تەنها ٢٥٠٠ دینارە، کەچی موچەی هەر سەعاتێکی وەزیرەکان، ئەندام پەرلەمان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان، بەرپرسان لە سلکی



هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی
نووسینگەی وەزیر

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF Labor and Social Affairs

مجلس الوزراء
وزارة العمل والشؤون الاجتماعية
مكتب الوزير

ژمارە : N٢٢-١٣٢
ڕێکەوت : ٧/ ٢ /٢٠٢٢

/ ڕێبەندانی / ٢٧٢١ کوردی

Nb:
Date:

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی – دەرکردە

((فەرمانی وزاری))

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٦٤٠) لە ٢٠٢٢/١/٣١، بڕیارماندا بە:

١- جێگرکردنی مووچەی مانگانەی کرێکاری ئاسایی بە (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار.

٢- دیاریکردنی بڕی (٢,٥٠٠) دوو هەزار و پێنج سەد دینار بۆ هەر کاتژمێرێك بۆ ئەو کرێکارانەی بە کاتژمێر کاردەکەن کە کەمتر بێت لە کاتژمێرە فەرمیەکانی ئیش کردن.

٣- ئەم فەرمانە لە ڕۆژی دەرچوونی یەوە جێبەجێ دەکرێت.

کوێستان محمد عبدالله
وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
٢٠٢٢/ ٢/ ٧

وێنەیەك بۆ :
- نووسینگەی جەنابی وەزیر.
- نووسینگەی بریکاری وەزارەت.
- ڕاوێژکار کاك( هۆگر عەلی ڕەسول).
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی. بۆکاری پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی دەرکردە. لەگەڵ بەراییەکان.

٢٠٢٢/٢/٧

Dr.hogr

ناونیشان: هەولێر – شەقامی شۆڕش

سەربازی و هەواڵگری و جاسوسی...دا، لە هەر سەعاتێکدا چەند سەد هەزارێکە. ئەوە لە کاتێکدایە ئەم وەزارەتخانەو پەرلەمانە... ئەگەر دابخرێن، هیچ لە دۆخی کۆمەڵگە ناگۆڕێت، جگە لەوەی وەکو بارێکی قورس لەسەر کۆمەڵگە لادەبرێن، بەڵام کرێکاران بۆ یەک سەعات کار رابگرن، کۆمەڵگە توشی ڕاوەستان دەبێت... ئەو بریارە دژە کرێکاریی و دژە ئینسانی و دژە وێژدان زیندووە، بەسە بۆ ناسینی دەسەڵاتی سەرمایە و لەوەش زیاتر بۆ خستنەرووی دەسەڵاتی میلیشیایی و تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتی کە وێنەی لە دنیادا نییە.

ئەو بڕیارەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێ وەکو ماڵی قەڵب بدرێتەوە بەسەروچاوی وەزارەتە پوچ و تالانچیەکەی و وەزیرەکەی کە بەناوی "دەیگۆرێن" ئەو دیوەخانەی پێبراوە. ئەو وەزیرەی" گۆران و پەیرەوی ڕێبازی باوکی هەژاران" گۆرانەکەی ئەوەیە خۆی بۆتە ملیۆنێر و ئینسانی کرێکاریش وەکو سواڵکەر تەماشا دەکات. وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەو برە بۆ سواڵکەرانەیەی بۆ مانگانەی کرێکار دەریکردەوە، بریارێکی کویلە ئاسایی بەخشە، بۆیە دەبێ تور بدرێت.



# گرینگی چینی کرێکار ناکرێت فەرامۆش بکرێت!

## نووسینی: عبدالرحمن رسول

کرێکاران بەردەوام کاری تاقەت پڕوکێن دەکەن لەپێناوی ژیانێکی سەربەرزانە و شکۆمەندانە، خاوەن کەسایەتییەکی بەئیرادە و بەهێزن بە کارکردنی ڕۆژانە و شەوانەیان کۆمەڵگە بەرەو ئاوەدانی و جوانترو باشتر و پاکتر دەبن. کەوایە لە هێزو بازووییان تەواوی کۆمەڵگە سوود بەخش دەبێت، لەپاککردنەوە و ئاوەدانکردنەوە وجوانکردنی کۆمەڵگەدا بەبێ وەستان و سڵکردنەوەیان کاریگەرو بنیاتنەری چالاکن.

کاتێک بەری مەنهۆڵەکان و ڕێڕەوەکانی ئاوی ناو شار و شارۆچکەکان بەهۆی پیسی و لایلۆن و کارتۆن وشمەکەوە دەگیرێت لەزستاندا کەبارانی زۆر دەبارێت و دەبێتە سێلاو و لافاو دواتر خەڵک پاڵەپەستۆی ئاوی زۆری دەکەوێتە سەر و زۆرجار تووشی زیانی ماددی و گیانی دەبێت.

ئەمە دەست و بازوویی هێزی کرێکارانە لەبەرامبەر پێدانی کرێیەکی زۆرکەمدا کە خیابان و ڕێڕەوەکانی ئاوەکانی شارو شارۆچکەکان پاک دەکەنەوە و خیابان وکوچە وکۆڵانەکان خاوێن و جوان دەبن.

خاوەن کۆمپانیا و سەرمایەدارەکان و حکومەت زۆر بێ ویژدانانە دزی لەهەقدەستی کرێکاران بەردەوام دەکەن و ماف و هەقدەستی تەواویان پێنادەن و جیاوازی دەکەن و بەبیانوی جۆراوجۆر هەقدەستی کرێکاران دوا دەخەن و پێیان نادەن لەکاتی خۆیدا.

کاتێک چەند ڕۆژ کرێکاران کار نەکەن و مان بگرن و ناڕەزایەتی نیشان بدەن لەبەرامبەر پێ نەدان و دواکەوتنی هەقدەستیانەوە گەڕەک و شەقام و خیابانەکانی شار پڕ دەبێت لەپاشماوەی زبڵ و کارتۆن و پیسی. لەسەر پیسی ژینگە و گەڕەک و شاردا هەریەکەمان بەجۆرێک باسی خراپی و ئەگەری بڵاوبوونەوەی چەندەها میکرۆب دەکەین کە دواتر ئەگەری ئەوە هەیە نەخۆشی جۆراوجۆر بڵاوبێتەوە لەشارو شارۆچکەکاندا.
هەریەکەمان بەجۆرێک ڕەخنە لەبارودۆخی نەخوازراوی ژینگەی پیس کراو دەگرین.

بەڵام مرۆڤەکان بەگشتی گرینگی و بایەخی ئەو دەستانە نازانن کە بەردەوام ئەو مەنهۆڵ و ڕێڕەوانەی ئاوەکان پاک دەکەنەوە، کەپێیان دەگوترێت کرێکاران.

کرێکارانی ژینگە هێزی ڕاگرتنی خاوێنی و جوانییەکانی ژینگەی گەڕەک و شەقامەکانن، بەڵام پێداویستی ژیان و بیمەی تەندروستی و دەرماڵەو هەقدەستیان لەکاتی خۆیدا پێنادرێت، هەرچەندە ئەو هەقدەستەیان زۆرکەمە کەپێیان دەدرێت لەبەرامبەر کارکردنی زۆردا، هەروەها جیاوازیش دەکرێت لەهەقدەستی کرێکارانی شارێک یان کۆمپانیایەک لەگەڵ شارو ناوچەیەکی تری جیاوازدا.

کاتێک بەشەقامێکدا لەگەڵ ئازیزان دەڕۆین و پیاسە دەکەین دەبینین شەقام و جادەو کۆڵانەکانی شار خاوێنە و دەوروبەری شەقامەکانیش پڕە لەسەوزایی و داری ڕازاوەی جوان، بەڵام وردتر بیرناکەینەوە لە گرینگی پێدانی ئەو دەستانەی کە شەقام و کۆڵان وگەرەکەمان پاک دەکەنەوە و دارەکان ئاو دەدەن و سەوزایی شار بەجوانی دەڕازێننەوە.

کاتێک دەچین بۆ سەیران بەئارەزوویی خۆمان وێنە دەگرین و خواردن دەخۆین و شایی و گۆرانی دەڵێین بەڵام باشتر خەیاڵ ناکەین بەبیرکردنەوەمان لەو دەستانەی کە ژینگەی سەیرانگاکانمان بەخاوێنی و جوانی ڕادەگرن. بەهیچ جۆرێک هاوکارییان نابین بۆ پاک ڕاگرتنی ژینگەی کۆمەڵگەکەمان.

کاتێک سەیری درامایەکی تەلەفیزیۆنی دەکەین لەگەڵ خانەوادەکەمان دانیشتووین و میوە و چەرەسات دەخۆین بەڵام هەرگیز کەمێک بیر لەو دەستانە ناکەینەوە کە ئەو تەلەفیزیۆن و کارەبایەی بۆ ئامادەکردووین کە ئەویش کرێکارانن بەهۆی شەونخونی ماندووبوونیانەوە ئێمە پشوو تێدا دەدەین.

کاتێک خەندە لەسەر لێوەکانمانە بەهۆی شادی خۆشی مناڵەکانم کە جل و بەرگی جوانی بەدڵی خۆیان لەبەرەو ئێمەش جل و بەرگ وپێڵاوی جوانمان هەیە، بەڵام کەمێک ئەندێشەمان وەرناچەرخێت بەڕووی ئەو دەستانەی کە ئەو جل وبەرگ وپێڵاوانەی بەرهەمهێناوە.

کاتێک بەئۆتۆمبیل بەجادەیەک شوفێری دەکەین کەجادەکەی خاوێن و باشە هەرگیز بیر لەو دەستانە ناکەینەوە کە ئۆتۆمبیلەکەیان بەرهەمهێناوە یان کە جادەیان ئامادە کردووە بەخاوێنی و باشی، ئەو دەستانەش دەستی پڕ بەرهەمی کرێکارانن.
سەرجەم بینا بەرزو ئەپارتمان و میوانخانە و فڕۆکە و فڕۆکەخانە و قیتارو میترۆ و پاپۆڕو هەتا دەگاتە شمەک و کاڵا و پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان بەهۆی کرێکارانەوەیە ئێمە لێیان سوودبەخش دەبین. بەکورتی کرێکاران هێزی بەشارستانی کردنی کۆمەڵگەن. بەردەوام بەدرێژایی مێژوویی کرێکاران ژێلەمۆی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی نوێتر و جوانترو باشترن، بەڵام زۆر بەداخەوە گرینگی و بایەخی ئەو جۆرە مرۆڤانە نەزاندراوە.

لەکاتی مانگرتن و خۆپیشاندان ناڕەزایەتی کرێکارانی ژینگەپارێزو کارەبا و شارەوانییەکان لەجیاتی دابینکردنی هەقدەست و بیمەی تەندروستی و پێدانی بەخشیش و دیاری، بەڵام لەلایەن بەرپرسانی زاڵمانەی دەسەڵاتی چەوسێنەرەوە فشار دەخەنە سەر کرێکاران هەتا مانگرتن و خۆپیشاندان وناڕەزایەتییەکانیان کۆتایی پێ بهێنن.

کە زەڕیەک ویژدانتان هەیە لەجیاتی فشاریان لێ بکەن بڕۆن هەقدەستەکانیان پێبدەن و موچەکانیان بۆبگێڕنەوە. لەکوردستان لەژێر سایەی دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەری بنەماڵەدا لەشارەوانیەکان لەجیاتی ئەوەی پشتیوانی مافەکانی کرێکاران بن بۆئەوەی موچەکانیان پێ بدرێت، ئەوەتا بەشەو دەیانەوێت بەناوی پاکردنەوەی بازاڕەکان فشار لەسەر کرێکاران دروست بکەن، کرێکاری تر بەکرێ دەگرن شەقامەکان پاک دەکەنەوە لەژێر ناوی پاراستنی ژینگە، بەڵام ئامانجی ئەم کارەیان ئەوەیە تاوەکو بانگەوازو پەیام و داوا ڕەواکانی کرێکارانی ناڕازی نەگات و دەسەڵاتی ملهوڕو چەوسێنەر زیاتر شیلەی گیانی کرێکارانی زەحمەتکێش بنۆشێت و دزی زیاتریان لێ بکەن و هەقدەست و موچەکانیان لێ دوابخەن.

ئەی خەڵکی ناڕازی لەچەوسانەوە و هەژاری و برسیکردن وەرنە مەیدان بۆ تێکۆشانی هاوپشتی و هاوخەباتی چینی کرێکار لەکوردستان. پێویستە ڕێگا نەدرێت چیتر ماف و هەقدەستی کرێکاران نەدرێت و بدزرێت. ئەو جۆرە فشارەی شارەوانییەکان بۆسەر کرێکاران زیاتر دەسەڵات و پارێزەرەکانی ڕیسواتر و شەرمەزارتر دەکات.

بۆیە ئەو زەخت کردنە هیچ پاساوێک هەڵناگرێت، ئەگەر پارەتان هەیە کرێکاری ترتان بەکرێ گرتوە بۆ لابردنی خۆڵ و خاشاکەکان فەرمون سەرەتا موچەی سێ مانگی کرێکاران بگێڕنەوە ئەوجا ئەوهەنگاوە بنێن. بەڵام ئێوە دەتانەوێت زیاتر کرێکاران بچەوسێنەوە و بێمافیان بکەن ئەم ڕێگایەشتان هەتا سەر بۆ سەرکەوتوو نابێت چونکە هێزی ناڕازی کۆمەڵگە بەرەو ڕێکخراوبوونی چینایەتی خۆی هەنگاو دەنێت، دڵنییابن بەسەر پێکەوتن و ڕێکخراوبوونی ئەم هێزە چینایەتییە خۆتان و دەسەڵات و سیستەمەکەتان دەخاتە گۆڕەوە، هەر بۆیە چاکترە هەرچی زووترە بەهۆش خۆتان بێنەوەو ژیانێکی باشتر بۆخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان مسۆگەربکەن و هەرچی زووترە مافەکانیان بۆ دابین بکەن و هەقدەستی تەواویان پێبدەن.

بە بێ هێنانەدی مافی کرێکار کۆمەڵگەیەکی باشتر بەدی نایە!
داکۆکیکردن لەماف و بیمەی کرێکاران ئەرکێکی جوانی ئینسانی یە.
کەوایە ئەی خەڵکینە تکایە! پشتیوانیان بکەن لەخۆپیشاندان و ناڕەزایەتی یە ڕەوا و بەرهەقەکانی کرێکاران.

ئەگەر ئێمە گرینگی بایەخی کرێکاران نەزانین کۆمەڵگەکەمان زۆر خراپتر وەردەچەرخێت بەرەو چەوسانەوەو نایەکسانی و جیاوازی چینایەتی و بەرزبوونەوەی هەژاری و برسێتی و بێکاری و خراپتر بوونی سەرجەم خزمەتگوزارەییە ڕۆژانەیەکانمان.
ئەگەر ئێمە قەدری ئەو دەستە قڵیشاوانە نەزانین و گرینگی بایەخی ئەم چینە بەشمەینەتە نەزانین و ئیرادەی ئەم هێزە چینایەتییە باشتر نەبینین ئەوا زیاتر کۆمەڵگە بەرەو وێرانتر دەچێت لەسایەی هەبوونی دەسەڵاتێکی دڕندە ئاسا و چەوسێنەردا.
لەهەرکۆمەڵگەیەکدا کە ڕۆژانە کرێکاران بێ ماف کران و ژنان کۆمەڵکوژی کران پێویستە شۆڕشی ڕزگاری بۆ ڕوخانی دەسەڵات و هێنانەکایەوەی دەسەڵاتی خەڵک و کۆمەڵگەیەکی باشتر ئەنجام بدرێت. ئەوەی لەکوردستان ڕوودەدات بۆ درێژەدانی بێکاری و هەژاری و چەوسانەوە وبێ مافییە پێویستە خەڵکی ناڕازی بەپشتیوانیکردنی ماف و داواکارییە ڕەواکانی کرێکاران و مامۆستایان و خەڵکی بەگشتی بەرەو ڕێکخراوبوونییان لەبزووتنەوەیەکی جەماوەری دا هەنگاوی چالاکانە بنێین بۆ گۆڕانکاری لەدەسەڵاتی ئیدارەدان و هێنانەدی نان کار ئازادی لەڕێگای دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی شوراکانی خەڵکەوە.

**دەبێ دەستبەجێ و بێقەیدوشەرت موچەی کرێکارانی ژینگە پارێز بە ڕۆژانی مانگرتنیشەوە بدرێت... کۆمپانیاکان بەرپرسی سەرەکی دابینکردنی موچەی کرێکارانن، چونکە کرێکارەکان گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیاکان هەیە، نەک حکومەت...**

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**



## لەم ژمارەیەدا پشدەر بابەکر وەڵام بە پرسی ڕۆژ دەداتەوە

**دوای سەردانەکەی ئەم دوایەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (نێچیروان بارزانی) بۆ تورکیا، و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەردۆگان سەرۆکی تورکیا، دەنگۆی ڕێکەوتن لەسەر گرێبەستی هەناردەکردنی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا گەرم بووە. پرسیار ئەوەیە؛ ئایا ئەو گرێبەستە بەدەردی گرێبەستی ٥٠ ساڵەی نەوت دەچێت یان نا؟ کە تاوەکو ئێستا داهات و ناوەرۆکی گرێبەستەکە بەنادیاری ماوەتەوە؟ هەروەها بێدەنگی حزبەکانی ناو پرۆسەی سیاسی کوردستان و میدیای فەرمی ئەو حزبانە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت!**

**پشدەر بابەکر ڕۆژنامەنوس و چاودێری سیاسی وەڵام بەو پرسە دەداتەوە.**

**پشدەر بابەکر: مادام هێشتا دەسەڵاتدارانی هەرێم ئامادەنین ناوەرۆکی گرێبەستی 50 ساڵەی نەوت ئاشکرابکەن کەواتە؛ دەیانەوێت غازی سروشتی هەرێمیش بە هەمان دەرد بەرن.**

**حکومەتی هەرێم تا ئێستا یاساکانی پەرلەمانی کوردستانی بۆ دروستکردنی سندوقی داهاتەکانی نەوت وغاز و شەفافیەتی نەوت جێبەجێ نەکردووە. گومانم نییە ئەوانەی دەیانەوێت لەئێستادا غازی سروشتی هەرێم هەناردەی دەرەوە بکەن نیازی باشیان نییە و بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوەن، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکە (خەڵکی کوردستان و حزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکانی) ڕێگریان لێبکات. لەکاتێکدا خەڵکی هەرێمی کوردستان بەدەست قەیرانی سوتەمەنی و کارەباوە دەناڵێنێت، لەکاتێکدا چەندین وێستگەی کارەبا دەیان ملیۆن دۆلار لەدروستکردنیان خەرجکراوە بەهۆی نەبوونی غازەوە کارناکەن، و توانای دابینکردنی 3 هەزار مێگاوات کارەبایان هەیە، لەکاتێکدا عێراق کڕیاری غاز و کارەبای وڵاتانی دراوسێیە، چ زەرورەتێکی تێدایە ئێمە غازی خۆمان ڕادەستی تورکیا بکەین! بەهۆی هەناردەی سەربەخۆی نەوتەوە بودجەی هەرێم لەبەغدا بڕدرا کە لە ٢٠١٤ وە تا ئێستا دەکاتە نزیکەی ٦٠ ملیار دۆلار، و دەسەڵاتدارانیش بانگەشەی ٣٣ ملیار دۆلار قەرزدەکەن، سەرباری ئەوەش دەیانەوێت غازیش تاڵان و هەراج فرۆش بکەن. دڵنیاشن بەغداد بێدەنگ نابێت، کەواتە دیارە دەیانەوێت نەهامەتیەکی تر بەسەر خەڵکی هەرێمی کوردستان بهێنن.**

**یەدەگی دڵنیایی غازی سروشتی هەرێم ٥ ترلیۆن و ٧٠٠ ملیار مەتر سێجایە ئەگەر بەشەفافی و دوور لەدزی و گەندەڵی هەناردەبکرێت؟ دەتواندرێت بازدانێکی گەورە لەژیان و ژێرخانی ئابوری دانیشتوانی هەرێم دروستبکات، بەپێچەوانەشەوە قەیرانێکی تر چاوەڕێی خەڵك دەکات.**

**ئەوەی جێگای نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و مەترسیە، بێدەنگی حزبەکانی هەرێمی کوردستانە، هیوادارم بەزوترین کات هەڵوێستی خۆیان لەوبارەیەوە ڕوون بکەنەوە نەبنە بەشێک لە نەخشە داڕێژەرانی ئەو گرێبەستە.**

# دواخستنی موچەی مانگانەی کرێکارانی ژینگەپارێز، هیچ پاساوێکی خاوەن کۆمپانیاکان هەڵناگرێ!

کرێکارانی ژینگەپارێز چ ئەوانەی لە کومپانیاکانی کەرتی تایبەت کاردەکەن و چ ئەوانەش کە لەسەر میلاکی شارەوانییەکانن، سەرەڕای ماندووبون وخزمەتێکی گەورە کەپێشکەش بەکۆمەڵگەی دەکەن، موچەیەکی یەکجار کەم وەردەگرن کەهەرگیز لەئاست بژێوی ژیانی ڕۆژانە وکارێکدا نییە کەئەنجامی دەدەن، بەڵام ئەوە خاوەن کۆمپانیاکان و شارەوانیەکانن، کەبەبیانونی دواخستنی سلفەو نەبونی پارەی پێویست لەبانکەکاندا، کێشەیەکی گەورەیان بۆ کرێکارانی ژینگەپارێز پێکهێناوەو موچەکانیان بۆ دوومانگ و بگرە سێ مانگ دوادەخەن وهیچ مانگێک نییەو نەبووە لەکاتی خۆیدا موچەیان پێبدەن. دۆخێکی ئاواش کە هەرگیز مایەی تەحەمولکردن نییە، کرێکارانی ژینگەپارێزی ناچارکردووە بەدەست لەکارکێشانەوەو مانگرتن. بەتایبەت لە قەزاو ناحیەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی. لە تەکیەی کامەند نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران پێی ناوەتە ١٣هەمین ڕۆژی خۆیەوەو لەچەمچەماڵیش نزیک بە ١٠ ڕۆژە درێژەی هەیەو لەحاجیاواو ڕانیەو چوارقورنەش چەند ڕۆژێکە کرێکارانی ژینگەپارێز کاریان ڕاگرتووەو لەبەردەم شارەوانیەکاندا کۆبوونەوەی نارەزایەتیان سازداوە. جیاواز لەقەزاو ناحیەکان لەشاری سلێمانیش دووکومپانیا خۆیان دەستیان لەکارکردن هەڵگرتووە.


ئەم شەپۆلە لەنارەزایەتی کرێکارانی ژینگەپارێز، کردەیەکی بەرهەقە و لەبەرامبەر زوڵمیکدا کەلێیان دەکرێ پێی ناوەتە مەیدانەوەو هیچ پاساوێکیش هەڵناگرێ. دانی موچەی مانگانە لەکاتی خۆیدا، مافێکی یاسایی و دانپێدانراوە. ئەوەشی کەخاوەن کۆمپانیاکان دەیڵێن کەحکومەت سلفەیان بۆسەرف ناکەن، وەیا ئەوەی شارەوانیەکان دەیڵێن کەپارە لەبانکەکاندا نییە، هیچ پەیوەندێکی بەکارو موچەی کرێکارانی ژینگەپارێزەوە نییە و لەم کێشەیەدا تەرەفێک نین، تەنانەت کرێکارانی ژینگەپارێز لەگرێبەستەکانیاندا ئیمزایان لەمەرجێکی ئاوای خاوەن کۆمپانیا وشارەوانیەکان نەداوە، تا موچەی مانگانەکانیان دوابخەن. ئەوەشی کەوەزارەتی کارو حکومەت، بەخاتری کۆمپانیاکان، پشت لەیاساکارپێکراوەکانی خۆیان دەکەن وهیچ کاردانەوەیەک لەخۆیان نیشان نادەن، بەڵگەی شەریکبوونانە لەو زوڵم و ناهەقیەی کە لەکرێکارانی ژینگەپاریز دەکرێت. کرێکارانی ژینگەپارێز کەتەنها سەرچاوەی داهاتیان موچەی مانگانەیانە، بەنەدان و دواخستنی موچەکانیان، لەدۆخێکدا کەگرانی و نەبوونی وباج و خەراجی دەسەڵاتداران، ژیان وبژێوی کریکاران و خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتی داڕماندووە، شتێکی تر نییە جگە لە توندکردنەوەی سیاسەتی سکهەڵگوشین و هەژارترکردن، کەحکومەت لەژێر ناوی چاکسازیدا، بەڕێوەی دەبات.

ئەم دۆخە سەختەی کرێکارانی ژینگەپارێز وبێدەربەستی خاوەنکارو دەسەڵات، نیشانەی ئەوەیە کە نایانەوێت ئەم بەشە لەکرێکاران بەردەوام بن لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزای گشتی شارەکانی کوردستان و ئەگەریش درێژە بکێشێت ژینگەی شارەکان و ئاو و هەوایەک کەبۆخۆی ناتەندورستە هێندەی تر پیس بێت و دەیان دەردو نەخۆشی بۆسەر دۆخی ناهەمواری تەندروستی هاوڵاتیان زیاد بگات، کەتەنها بازاڕی کۆمپانیاکانی بازرگانی دەرمان گەرم دەکات.

نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکارانی ژینگەپارێز بۆ خواستی سەرفکردنی موچەکانیان شایانی پشتیوانی بەشەکانی تری کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازو نارازی کوردستانەو دەبێ بەتەواوی تواناوە پشتگیریان لێبکرێ. هاوکات دەبێ ئەم زوڵم و زۆرو دەستدرێژەی خاوەن کۆمپانیاکان و ئەم هەڵویستە نامەسئولانەیەی حکومەت و وەزارەتی کارەکەی لەقاوبدرێ و ناچار بکرێن بەوەلامدانەوەی خێرا بەخواستی کرێکاران و سەرفکردنی موچەکانیان. هاوکات داواش لەکرێکارانی ژینگەپارێز دەکەین کەڕێزی یەکگرتوو و سەربەخۆی خۆیان بپارێزن وچاو لەهێزی ڕیکخراو و سەراسەری خۆیان ببڕن ودرێژە بەنارەزایەتییەکانی خۆیان بدەن.

**کۆمیسۆنی کاروباری کرێکاران**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٩/٢/٢٠٢٢**

**دیاریکردنی لانی کەمی کرێ و چوونەسەری ئاستی ساڵانەی کرێ دەبێ لەڕێگای گفتوگۆی نێوان سەندیکا و نەقابە کرێکارییەکان لەگەڵ نوێنەرانی خاوەن کار و دەوڵەتدا بڕیاری لێ بدرێت...**



# کەم ئەندام کردنی جنسی {خەتەنە} تاوانێکی ئاشکرایە بە دژی ژنان

## نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

کەم ئەندام کردنی جنسی ژنان واتە خەتەنەکردن توندوتیژییەکی بە ئاشکرا و تاوانێکی گەورەیە بە دژی ئەو ڕەگەزەی کۆمەڵگە کە هیچ پاساوێک هەڵناگرێ. ئەم تاوانە گەورە لە زیاتر لە سی وڵات بەڕێوەدەچێ، کە زۆربەیان وڵاتانی ئافریقایی بە تایبەتی کینیا و سومالن. توندوتیژی و ئەشکەنجەیەک کە بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی یونیسێڤ، لانی کەم زیاتر لە دوسەد میلیۆن ژن لەخۆ دەگرێ و بۆتە خەسارێک و تراژیدیایەکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. دەبێ ئاماژە بەوە بکەم خەتەنە لەوانەیە تایبەت بە ئایینی ئیسلام نەبێ و، دەمێک ساڵە بۆ نمونە لە وڵاتی میسر و ولاتانی تر بەڕێوە چوە و زۆربەی ئەو کچانەی لە وڵاتانی ئافریقایی خەتەنە کراون بنەماڵەکانیان ئایینی مەسیحیان بووە، بەڵام لە ئێستادا کە ئایینی ئیسلام و پیاوسالاری دوو ئەبزاری مەترسیداریی دەولەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستن بۆ چەوساندنەوە و توندوتیژی بە دژی ژنانن، ئەو تاوانە واتە کەم ئەندام کردنی جەستەی ژنان لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی و دواکەوتوو وەک کارێکی ڕواڵەتی لێ هاتووە و هەر سێ چرکە جارێک ژنێک دەکاتە قوربانی. خەتەنەی ژنان خۆی لە خۆی دا سێ جۆرە، جۆری یەکەم و دووهەمی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست واتە عێراق و ئێران و تورکیە و وڵاتە ئیسلامیەکان بەڕیوە دەچێ، جۆری سێهەمی کە زۆر دڕندانەیە و بیست لە سەدی ئەو ژنانەی بە شێوازی جۆری سێ خەتەنە دەکرێن گیانیان لە دەست دەدەن تایبەت بە وڵاتانی ئافریقاییە ئەو ژنانەی لەو دەڤەرە دەبنە قوربانی خەتەنە لە کاتی مناڵ بوون دا کێشە و گرفتێکی زۆریان هەیە و ئەو دیاردە بۆتە گرفتی تەنانەت وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە تایبەتیی وڵاتی دانمارک. خەتەنە هەروەک ئاماژەمان پێ کرد تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە ژنان کە لە کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژنانەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆ ئەوەی ژنان تەنانەت خاوەنی جەستەی خۆیان نەبن و بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە شەرع و ئایینی ئیسلام بە تایبەتیی دەبەستن کە هەمیشە دوژمنی ماف و ئازادیی ژنان بووە. لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری دژە ژنی ئیسلامی کە ساڵەهایە توندوتیژی بە دژی ژنان لە لایەن سیستمەوە بەرهەم دەهێندرێ ئاماری خەتەنە زۆر لە سەرەوەیە و ئەوە لە حاڵێک دایە کە کۆماری ئیسلامی نە گرینگیەک بەو پرسە دەدا و نە بەدواداچوون بۆ دانی ئامارەکان دەکات. ساڵەهایە چالاکانی ژنان و مافی مرۆڤ بە شێوەی خۆڕسک هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی ئامار دەدەن و تەنانەت ڕژیم کۆسپیشیان دەخاتە سەر ڕێی. بەپێی ئاماری چالاکانی مەدەنی و ژنان لە ناوچەکانی هۆرمۆزگان و پارسیان پەنجاو و نۆ لەسەدی ژنان خەتەنە کراون کە سی و پێنج لە سەدی لە کچانی کەمتر لە پێنج ساڵ پێکدێن و ئەو ناوچانە پلەی یەکەمیان هەیە لە بواری خەتەنەی ژناندا. پارێزگای کرماشان و هەورامان پلەی دووهەمی هەیە و لە ناوچەکانی کوردستان و شارە کوردنشینەکان ڕێژەی خەتەنەی ژنان زیاتر لە چل و شەش لە سەدە و وەک دەبینین ئامارێکی زۆر مەترسیدارە. ئەوەی جێگای داخ و سەرسوڕمانە لە ساڵی ٢٠٠٩ ەوە کە یەکەمین ئاماری خەتەنەی ژنان بڵاوبۆتەوە چالاکانی مەدەنی و ژنانی توشی شۆک کرد و کۆماری ئیسلامیش وەک هەمیشە بە ڕوهەڵماڵراوەیی ئامارەکانی ڕەتکردەوە و هیچ گرینگیەکی پێ نەدا. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری سەیرکردنێکی ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچانە کە هەموو هەوڵەکانی خۆی خستۆتە گەڕ تا ژنان لە ناوچە عەرەب نشین و کوردنشینەکان لە دواکەوتوویی دا بهێڵێتەوە و ئەوان هیچ کام لە مافەکانی خۆیان نەناسن. ئەو ژنانەی خەتەنە کراون لە تەمەنی مناڵی تا گەورە ساڵی ساڵەها کاتی بردووە تا ئەو ئازار و ئەشکەنجە لە یاد بکەن، بەڵام لەگەڵ هاوسەرگیریان جارێکی دیکەبرینەکەیان دەکولێتەوەو تازە هەست بەوە دەکەن کە چ تاوانێک بە دژیان ڕەوا کراوە. سەرەرای ئەوەی کە خەتەنە ساڵەهایە وەک توندوتیژی بەدژی ژنان ناسراوە، بەلام لە بارودۆخی هەنووکەییش دا هەرقوربانی دەگرێ و دەسەڵات و یاسا و عورف و شەرع و سونەتی دواکەوتوو نەخش و ڕۆڵی نەرێنی لەو تاوانە دەگێڕێن. ئازار و ئەشکەنجەیەک کە ساڵەهای ساڵ شوێندانەریی نەرێنی لە سەر ژنان دادەنێ. ژنان بەهۆی خەتەنەوە توشی ئازارێکی جەستەیی و روحی درێژ ماوە و کورت ماوە دەبن لەوانە: لە دەستدانی خوێنی زۆر، دڵەراوکێ و سترێسی زۆر، ئازارێکی یەکجار زۆر، کێشە لە کاتی میزکردن و خوێنڕێزی ئەندامی زاوزێ بە تایبەتیی لە کاتی سوڕی مانگانە، ئیلتیهاباتی ئەندامی زاوزێ و زیاد بوونی مەترسی نەخۆشی ئێچ ئای وی واتە ئایدز،کێشە لە کاتی دوو گیانی یاخود مناڵ بوون، پەیوەندی جنسی بە ئازار وئیشێکی زۆرەوە و نەبوونی مەیلی جنسی لە کاتی جوت بوون، ئەوانە ئەو کێشە و گرفتانە بوون کە لە بواری جەستەیی بۆ ژنان دێتە پێش بەلام، کارەساتە گەورەکە ئازارێکی ڕۆحی ودەروونی یە کە بە داخەوە پەردەی بە سەر کێشڕاوە و وەک پیویست ئاوڕی لێ نادرێتەوە. یەکێک لەو گرفتانە بوونی ترسێکی زۆر لەوژنانەیە و بێ متمانەن بەرامبەر بە کۆمەڵگە و دەورووبەریان و ئەو ئازارانە زۆرجار دوای ساڵەها لە ڕودانی خەتەنە توشی ژنان دەبنەوە. سەرەرای ئەوەی ساڵەهایە خەتەنەی ژنان لە لایەن زۆربەی وڵاتان تەنانەت ولاتانی ئافریقایی و وڵاتی میسریش پێداچونەوەی یاسایی هەیە، بەڵام خەڵک گوێی بە یاسا نادەن و سونەت و عورف لە یاسا بەهێزترە و ڕێگایان پێ دەدا ئەو تاوانە بەڕێوەبەرن.لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی خەتەنەی ژنان وەک تاوانێکی گەورە لە قەڵەم دراوە و یاسا بە توندی لەگەڵ بکەرانی ئەو تاوانە هەڵسوکەوت دەکا، تا ئەو جێگایەی تەنانەت مناڵەکان لە بنەماڵەکان دەستێنێتەوە، بەڵام دیسان سەرەرای ئەو گشت بە دواداچوونە خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و وڵاتە ئیسلامییەکانی وەک ئافریقا بە تایبەتیی سومالیایی کاتێک سەردانی ولاتانی خۆیان دەکەن کچەکانیان خەتەنە دەکەن و دەگەڕێنەوە رۆژئاوا. لە ئێستادا هەر بنەماڵەیەکی ئافریقایی کە سەردانی وڵاتی خۆی بکات لە کاتی گەرانەوە لە فرۆکەخانەکان لە لایەن پۆلیس و دوکتورەکان پشکنین بۆ مناڵەکانیان دەکرێ تا بزانن کە ئایا خەتەنەکراون یان نا و یاسا زۆر بە توندی لە بەرامبەر ئەو تاوانە راوەستاوە. لە وڵاتی بەلا لێدراوی ئێران تا بە هەنووکەش سەرەرای ئەوەی کە ساڵەهایە چووە لیستی ئەو وڵاتانەی خەتەنەی ژنان تێدا بەڕێوە دەچی، هیچ یاسایەکی دژ بە تاوانە پەسەند نەکردوە و تەنانەت بە دواداچوونیشی بۆ ناکا، زۆرجار کە چالاکانی مەدەنی بۆ لێکۆڵینەوە و ئامار سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن ڕژیم نە تەنیا هیچ یارمەتیەکانیان نادا، بەڵکوو کۆسپی زۆریان دەخات سەر ڕێگا تا ئامارەکان بەرەو دنیای دەرەوە بلاونەبنەوە. هەر بەو جۆرەی کە باسمان کرد خەتەنە بە راستی دەستدرێژی و تاوانێکی گەورەیە کە دنیای مرۆڤایەتی کرمۆڵ کردوە و دەبێ چالاکانی مافی مرۆڤ و بزوتنەوەی ژنان و چالاکانی مەدەنی لەو بوارەوە هەڵسوراوتربن و بە دانی وشیاری بە خەڵک و کۆکردنەوەی ئامار پێش بەو تاوانە بگرن. ئەو ژنانەی کە خۆیان قوربانی ئەو تاوانەن دەبێ قسەکردن لەو تاوانە بە بڤە نەزانن و بۆ ئەوەی ژنانی دیکە نەبنە قوربانی لەگەڵیان باس لە ئازارەکانیان بکەن و سەردانی شوێنە دواکەوتوەکان بکەن و خەڵک لەو تاوانە ئاگادار بکەنەوە. بە هیوای ئەوەی چیتر مرۆڤایەتی شایەتی ئەو تاوانانە نەبێ و جیهان بێ بەری بێ لە تاوان و توندوتیژی بە دژی ژنان...

---

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلارێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# ئیسلامی سیاسی کوردستان و ژن کوشتن!؟

نووسینی: سەردار عەبدولّا حەمە

ماوەیەکە دیسانەوە دیاردەی ژن کوشتن لە کوردستان زیادی کردووە بابزانین کێ هۆکارە لەم تاوانی ژن کوشتنە؟ ئەگەر پرسیار بکەی لە هەر هەڵسوڕاوێکی گروپە ئیسلامیەکان بە سەلەفی و ئیخوانی و وەهابییەوە کە ئایا تۆ لەگەڵ ژن کوشتنی لەسەر ناموس؟ دەڵێ نەخێر. بەڵام لەڕاستیدا وەڵامی پرسیارەکە بەڵێ یە، چونکە کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە لێ یان قبوڵ ناکا ڕاستەوخۆ هانی پیاوان بدەن ژن بکوژن، بۆیە دەڵێن نەخێر. بەڵام بە ڕێگای تر هانی ژن کوشتن دەدەن بۆیە وەڵامەکە بەڵێ یە . کاتێ ئەوان بڵێن ژن ئەبێ حیجاب بکا، چونکە حەیاو حورمەت بەهای بەرز ئەبێتەوە ئیتر ئەو ژنەی حیجاب ناکا بێ حەیاو بێ حورمەت و سووک و بێ بەهایە، لێرەوە کۆمەڵگە بانگەواز دەکەن بۆ کوشتنی ئەم جۆرە ژنانە. کاتێ دەڵێن ژن یا کچ نابێ پەیوەندی خۆشەویستی ئەنجام بدا، چونکە حەرامە ئیتر ئەمە دەبێتە بڤە و هەرکەس لەوە لایدا و خۆشەویستی ئەنجام دا ئیتر موعەرەزە بۆ کوشتن . کاتێ دەڵێن ژن دەبێ گوێ ڕایەڵی پیاوەکەی بێ و هەرچی وت نابێ بڵێ نا ئەگەر بۆ خەوتنیش بێ، ئەگەر گوێ ڕایەڵی پیاوەکەی نەکا ئەوە ئەو ژنە بەیاخی بوو وە گومان لێکراو سەیر دەکرێ ئەویش هۆکارە بۆ کوشتن. کاتێ کچ یا ژن پێی بووترێ زەعیفەو کەم عەقڵ هەر کارێکی کرد و نیشانی دا کە بەهێزە وزەعیفە نییە دەبێتە هۆکار بۆ کوشتنی، چونکە دەڵێن ئەوە بەڕەڵایە. کاتێ کچێکی ٩ ساڵە بەحەلال بزانرێ بۆ شووکردن بە پیاوێکی بە تەمەن پاش ماوەیەک ژنەکە لەکێشەی گەورەدا دەژی لەگەڵ مێردەکەی بۆشایەکی گەورەی خۆشەویستی بۆ دروست دەبێ لەو ڕەسمیاتە یاخی دەبێ جا یا ڕادەکا یا کوڕێکی خۆش دەوێ، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ کوشتنی، چونکە ناموسی خێزانەکەی دەشکێنێ. کاتێ بە ژن دەووترێ تۆ دەبێ لە ماڵەوە بەبێ پیاو یا بە بێ ڕێنوێنیەکانی پیاو نابێ بچێتە دەرەوەو ئەگەر بەبێ ئەوە چووە دەرەوە ئەمە دەبێتە خاڵێکی ڕەش و لە دووبارە بوونەوەیدا ئەگەری کوشتن یا خۆ کوشتنی هەیە. ئیسلامی سیاسی و سەلەفیەکان لەڕێگای میدیاکانیانەوە یا لەڕێگای مزگەت و بانگخوازەکانیانەوە ئەم هۆکارانە فڕێ دەدەنە ناوکۆمەڵگەوە ئیتر زەمینەکە خۆش دەکەن بۆ کوشتنی ژنان لەلایەن پیاوانەوە چ ئەگەر مێرد بێ یا براو باوک و مام و خاڵەوە بێت. چونکە پێیان وایە ژنان ناموسی ئەوانن کە ڕۆژانە لە بڵندگۆی مزگەتەوە یا لە تەلەفزیۆنی ئیسلامی گوێی لێ دەبێ کە ژنان ناموسی پیاوانن. یا پیاو لە ژنەکەی دەدات لەسەر ئەوەی لایداوە لە ڕێنوینیەکانی شەریعەت، بێگومان لێدان و ئەشکەنجە دانی ژنیش ڕێگا پێدراوە لای شەریعەت وئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ژنەکە خۆی بکوژێ یا خۆی بسوتێنێ یا ڕابکات لە ماڵ دواتریش دەدۆزرێتەوە و دەکوژرێ. دووڕوویی ئیسلامی سیاسی بەتایبەت ئەوەی خۆی ناو دەبات بە نەرمتر لەوەدایە لەلایەک خۆی وانیشان دەدات کەدژی ژن کوشتنە کەچی لەولاوە هەموو ئامڕازو هۆکارێکی خستوەتە دەست پیاوانی کۆمەڵگە بۆ شەرعیەتدان بە ژن کوشتن. دەسەڵاتیش هەموو ئیمکانێ دەخاتە بەردەست پیاوانی ئایینی سەر بەم گروپانە تا هۆیەکان و فاکتەرەکانی ژن کوشتن زاڵ بکەن بەسەر کۆمەڵگەدا.



## پرسی ژن ؟

تووندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشک دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# "ژن و ئابوری"

نووسینی: هاوژین زیبا

چۆن لەناو ماڵدا ژن سەنتەرە بەهەمان شێوە لەکۆمەڵگەشدا ئابووری سەنتەری ژیانە. لە ڕۆژئاوا بۆ جاری یەکەم ئابووری لە گریک لە یۆنان وەک وشە "ئۆیکۆ" (ماڵ) "نۆمیا" (یاسا) واتا ئیکۆنۆمیا- یاسای ماڵ دەستپێدەکات، بێگومان هەرچەندە لە سەنتەری ڕۆژئاوا وشەکە بەوشێوەیەش پێناسە بکرێت ئابووری بە سەرەتای بە کۆمەڵایەتیبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکردووە. ئەمرۆ ژن لە ماڵدا سەنتەرە لە سەرەتای ژیانیشدا ژن لەناو ماڵ و ژیاندا سەنتەر بووە لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئابووری زارکۆن،



یاسای ژنە. چونکە لەگەڵ دروستبوونی خێزان و کۆمەڵگە ژن ڕۆڵی دروستکردن، خواردن، دۆزینەوەی کشتووکاڵ و دابەشکردن لە هەستەکادا سەنتەر بووە بۆیە ئێمە ئەم سەردەمە وەک سەردەمی نیۆلۆتیک پێناسە دەکەین .

بەڵام بە داخەوە بە فێڵبازی پیاوانی نێچیروان بە داهێنانی پیاوسالاری خۆپەرست ژن کۆیلە دەکرێت، ئەمەش کاریگەری کردە سەر ئابووری و لەگەڵ بەکۆیلەکردنی ژندا ئابووریش بەرەو خراپی و تێکچوون ڕۆشت. ئابووری دابەشکردنی ژیانە چۆن ژن لە دوای دروستبوونی دەسەڵاتی پیاوسالاری لە پیرۆزی و جوانییەکانی دەرکراو بووە ئامێرێکی کڕدراو، ئابووریش واتای خۆی ونکرد بووە ئامێرێکی دەسەڵاتداری سەرمایەدار. سەرمایەدار بە خۆپەرستی و تێرنەخواردن دروست دەبێت.

لەمێژوودا هەتا ئێستا ئابووری بەم ڕۆڵەی خۆی کۆمەڵگەی دابەشکرد بە گشتی مرۆڤەکانی کرد بە کۆیلەی سەرمایەداری دەسەڵاتدار. بۆیە لەسەر وشەی ئابووری زۆر قوتابخانە، دامەزراوەی زانستی دروستکراون، چونکە کۆمەڵگە لەلایەنی دەرونی، سیاسی و تەکنەلۆژیدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئابووریدا هەیە. لە مێژوودا شۆرش یاخود چەندە جەنگی جیهانیش رویان دابێت یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانیان ئابووری بووە ئەوەش دەزانین هەرچی داگیرکاری ئەنجام درابێت دووبارە هۆکاری گرنگ ئابووری بووە . لە مرۆدا چۆن سیاسەت لەخزمەتی سەرمایەداریدایە بەهەمان شێوە میدیا، سینەما، چاندوو هونەر وە دامەزراوەی زانستی بەهەمان شێوە لە خزمەتی سەرمایەداریدان. ئەم هەموو دامەزراوانە ژن وەک ئامێرێکی ئابووری پێشکەشی بازار دەکات. ژن بووەتە ئامێرێکی زارگۆنی خۆی. جەستەی ژن بۆتە بابەتی پارە پەیداکردنی داهاتوو. لە جیهانی سەرەتاییدا دروستبوونی بازار و ئابووری لەسەر بنەمای سنوری تێربوون و پێداویستی دروستدەبوو، بەڵام لە دوای سەرمایەدارییەوە هەرچی بازارێک دروست دەبێت بەشێوەیەکی ناهاوسەنگی داهاتووی کۆمەڵگە پێشدەکەوێت. لەم بازارەدا فینانس و پارە وەک دەسەڵاتدارێکی خەیاڵاوییە لێرە دەوڵەمەند هەر دەوڵەمەندتر دەبێت هەژار هەر هەژارتر دەبێت. چونکە دەوڵەمەند بوون بەتوانای دروست کارکردن نابێت، بەڵکو فێڵکردن، درۆ و دزیکردن هەبێت دەوڵەمەندی ئاسان، بەڵام ئەوانە نەبن دەوڵەمەندیش مەحاڵ دەبێت، چونکە ئەو بازارە بەو شێوەیە دروست بووە. لەبەرئەوەی پیاوسالاری ژن بە ئامرازێکی ئابووری و پارە پەیداکردن دەبینێت، بۆیە ژن ناتوانێت بە ناسنامەی خۆی لەناو بازاردا کار بکات. کاتێک ژن حوکمی پیاو قبوڵ دەکات و وەک پیاو فێڵبازی و درۆکردن فێردەبێت لەناو بازاردا دەتوانێت دەوڵەمەند ببێت. بەڵام کاتێک ژن هەوڵدەدات بە ناسنامەو توانای خۆی حوکمی پیاوسالاری قبوڵ نەکات ناتوانێت لەناو بازاردا جێی بێتەوە و پێشبکەوێت. چونکە کاتێک ژن دژ بێت پیاوسالاری ئەو دژایەتیی کردنە وەک تاوان و لەرێ لادەری دەیناسێنێت بۆیە ژن هەمیشە لەژێر هەڕەشەی تاوانباری پیاوسالاریدا کاردەکات و ژیان دەکات. لەمرۆدا زۆرێک دامەزراوەی زانستی هەوڵدەدەن ئەو کێشەی ناهاوسەنگی بازارو ئابووری لەناو کۆمەڵگە چارەسەر بکەن، بەڵام لەبەرئەوەی بە هەمان زیهنیەتی پیاوسالاری کاردەکەن ئەو راستییە نابینن. لە هەر وڵاتێک بێت جیاوازی نییە چی کات راستی ژن قبوڵبکات وە ریگا بۆ ژنان بکاتەوە ژن بە خۆبوونی خۆی دەتوانێت ناهاوسەنگی ئابووری کەم بکاتەوە و چارەسەری بکات، چونکە ئابووری زارگۆنی ژنە، دابەشکردن لە سەرەتادا داهێنانێکی ژنانەبووە پیاو بە ئەقڵی ماتماتیک ژیان دەکات، بەڵام ژن بەو شێوەیە نییە، بەڵکو بەژێری سۆزداری و زیندووبون دەژی لەبەر ئەوەیە هیچکات پیاو ناتوانێت ناهاوسەنگی ئابووری چارەسەر بکات. لە وڵاتی ئێمەدا ئەگەر پیاوەکان کەمێک دوربکەونەوە لەسەر ڕێگای ژنان ئەوا ژنان دەتوانن کێشەی ئابووری چارەسەربکەن. لە ڕۆژئاوای کوردستان بەرامبەر بە زهنیەتی پیاوسالاری چارەسەرکردنی ئابووری بەرێوەبردنی ئابووری ژن دەبیندرێت، بەڵام بەداخەوە دەوڵەتانی داگیرکەر هەمیشە هێرشدەکەن و ناهێڵن ئەو توانایەی ژنان ئەنجامی خۆی وەک خۆی بەدەستبێنێ...

گۆشەی
# ئەدەب و هونەر

## بەشێکی تر لەدەقی قسەی من بۆ مردویەك



لێت ناگەڕێم
هەتا بارانێك نەبارێت و
هەورێکی گریاو
ژیرنەکەمەوە و
دەستم نەخەمە نێو سنگی
وەرزێکی
ئەتك كراوەوە
لێت ناگەڕێم
چونکە دەزانم بەس
لەگۆڕستان
زەردەخەنەکانی.
خوا و گریانی چۆلەکە
ماتەکان دەبینم

پێمخۆشە دەرچم
لەبۆڵە بۆڵی ئەم هەموو دڵە
شکاوانە
بێمە دەرێ و بەدیار تەرمە
بێنازەکەی
خۆمەوە هەناسەیەکی قوڵ
قوڵ
هەڵکێشم و ئایەتەل
كورسیەك بەسەر
بێزاری خۆمدا بخوێنم
چیدەبوو خودایە چیدەبوو
ئەگەر لەهەموو گەڕەکێکی
ئەم نیشتیمانە
بەدبەختە ماڵی مریەمێك
هەبایە
بۆئەوەی هەموومان بۆنی
ئینجیلمان، لێبهاتایە

لێت ناگەڕێم
هەتا لاشەی خۆم
بەکوژراوی
لەبەر ماڵی ئەو ژنانەدا
نەبینم
کەپیاوە خۆفرۆشەکان
هەموو شەوێك
بەشێکی نیشتیمانیان
تیادەدۆڕان
ئەزانم دوای هەموو
گرێدانەوەی
بەنەخوێنەکانیان
تفێك دەکەنە ناوچەوانم و
بەسەرلاشەکەمدا هەنگاو
دەنێن

لێت ناگەڕێم
هەتا بارانێك دانەکات و
ئاوێك خۆشنەکاتەوە و
ئازارێك، دانەمرکێت
لێت خۆشنابم چش
بادەستەکانم
بەستی خۆم نەزانم و
سەریشم
بەلاشەی ژنە شەهیدێکەوە
بێت
لێت ناگەڕێم
هەتا مردویەك
بەخۆی و سەبەتەیەك
گوناهەوە
بەلای ڕۆحما تێنەپەڕێت

١٠/٢/٢٠٢٢

میرزا

---

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا

## هەناسە ونبووەکانی نیشتیمان

-جەمال نوری-

هەناسە شیعرێکی جوان، دەستپێکێکی سەرنج ڕاکێش بەپرسیار گەلێکی ماریفی و کەینونەوە سەبارەت بەبوون و ژیان و نەبوون، چویتە ناو دەقەوە تورڕەیی و پانتایەکی فراوانی لەناو دەقدا داگیرکردوە، هەڵبەتە ئەو تورڕە بوونەش گرێدراوی مێژوویەکە، مێژووی ئەو ڕووداوانەیە کە زەمەنێکە بە نوسەرەوە بەستراوەتەوە، نوسەر لەڕێگای پرسیارە بونیەوەکانیەوە تورڕەیە لە مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی زەوی کردۆتە تاقیگەی پرۆسەی لـ ەناوبردن، تورڕەیە لەژیان، چون لەسیاقی بوونی نوسەردا، بەدوو چاوی ژیانی وەک ئەوەی کە بۆمرۆڤ بەردەستە لەمسی ئەو ژیانەی نەکردوە، هەروەک خۆی گووتەنی (وەک پرسیار، لەنێو چاڵێکی قوڵی گوماندا بێت... لەچرکەیەک و هەلهەلەیەکی بێ ئاگایی ئارەزوویەکەوە، کەوتمە خوارەوە بۆ نێو شەرێکی بێکۆتایی کەناوی ژیانە).

بەم جۆرە ڕەخنەی توند لەو ژیانە دەگرێ، کەسەرلەبەری لەشەڕێکی بێکۆتا دەچێ، کە لەئەساسدا نوسەر داوایەکی نەبووە بۆ هـ اتنەبوونی،
بەڵکو دەرئەنجامی ئارەزوویەکی بێئاگاییەوە هێنراوەتە ناو ئەوەی پێ دەوترێ ژیان؟ ئا لێرەوە نوسەر تورڕەیە لە ژیانێک کە هیچ پرسێکی پێ نەکرێ، ناڕازییە لەژیانێک، کە تائێستا مرۆڤ هەیە نازانێ مانای ژیان چییەو ئەرکی ئەو چییە لەناو ئەو بوونەی ژیانی لێ پێکدێت. ئەو ڕوودەکاتە مرۆڤ و دەپرسێ لێیان دەی داخۆ، تۆی مرۆڤ کە بۆ ژیان خولڵقاوی چۆن دەکرێ سەرزەمینی ئە و ژیانە بکەیتە یەکپارچە لەئازارو ژان و ئەو شوێنەی پێدەوترێ نیشتمان نەزیفی خوێنی لێ بڕژێ لەجیاتی تاڤگەی ئاو و جوانکردنی سروشت و ژینگە. دواجار بێئاگا نییە لەوەی هەر دڵۆپە خوێنێک بڕژێتە ئەو خاکەوەی پێ دەوترێ نیشتیمان هەموو قوماربازو قاچاخچییە سیاسیەکانی وڵات بەرپرسن، دەسەڵاتداران تاوانبارن، گوناهی نیشتیمان نییە، کە تائێستا بێ شوناسەو بە ئارامە و ناتوانێ خەون ببینێ، ئەوەی نیشتیمانەکەی تەنها و بێکەس کرد، ئەو دەم و چاوانەن کە بۆ چڵێسی و کاسەلێسی خۆیان ئەوەی بەهای نییە لایان نیشتیمانە، چون ئەوانە لە"سۆزانی سۆزانی" ترن، باکیان نییە، هەر هەناسەیەکی نیشتمان بەدزیەوە لەنیشتمان بدزن... کاتێک نوسەربەنیشتمان دەگاتەوە چی دەبینێ ئەو ئازارە ئەزڵەییە، وەک مۆتەکەیەک دەستی لەبینەقاقای گیرکردوەو لێی نابێتەوە بە ویستی خۆی دەیەوێ قۆڵ بکاتە قۆڵی ئەو درەختانەی گەڵاکانی وەریوە و لەسەر ڕووی خاکی نیشتماندا وەریوە، هەڵیان بگرێتەوەو لە ئینجانەی دڵیدا بۆ بیرە وەریەکی جوان دایان بنێ؟! وەلێ نوسەر لەو ڕۆژەوەی هاتۆتە بوون هەربەدوای خۆی و نیشتماندا دەگەڕێ...!

### دەقی شیعری / ئومێد حسین


وەک دڵۆپێک ژیان
کە لە هیچەوە تکابێت
وەک مۆمێک کە لە تاریکیدا
ڕاکشابێت
وەک پرسیار
لە نێو چاڵێکی قووڵی گوماندابێت
لە چرکەیەک و هەڵەیەکی بێ ئاگایی
ئارەزوویەکەوە
کەوتمە خوارەوە
بۆنێو شەڕێکی بێ کۆتایی
کە ناوی ژیانە
ئەمە یەکەمین تاوانی ڕاستەقینەی
مرۆڤە لەسەر زەوی
ئاخر من حەزم دەکرد وەک ئێکار بفڕم و
نەکەومە سەرزەوی
یان وەک پرۆم ئاگرم دابهێنایە
تا نیشتیمانمی تیا بسووتێنم
من دەمویست نیشتمانم وەک فەرشێکی نەرم وابوایە
تا بمتوانیایە بەپێ خاوسی و بە ڕووتی بەسەریدا
هەنگاوبنێم


بۆ لاپەڕە 13

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا





## لەوەرزی ئازادیدا، ژەنەڕاڵی پایز گەڕایەوە

نوسینی/ جەمال نوری

ژەنەڕاڵی پایز لەبەرلین بوو، ئەم تایتڵە یەکێکە لەو چیرۆکە تازانەی برای چیرۆکنووس بەکر حەسەن ک ە لەتاراوگە نوسیویەتی و پێشکەش بە گیانی هاوڕێ شاعیرەکەی (محمد عومەر عوسمان) ژەنەڕاڵی پایزی کردوە.

سەرەتای چیرۆکەکە نوسەر وابەستەی شوێن وکات و شارستانێتی خۆرئاوامان دەکا لەڕێگای کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکەی ، ئەتمۆسفیری ڕوداوی ناوچیرۆکەکەی بەنمایشکردنی کاراکتەرە سەرەکیەکەی دەست پێ دەکات کە لەواقیعدا وێنای کەسایەتی نوسەر خۆیەتی، بەڵام لەسیاقی گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەڕوونی ئەوەمان پێ ناڵێ مەگەر دوای خوێندنەوەیەکی وردو هەڵکۆڵینی دەق بگەینە ئەو بڕوایە، کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکە ڕۆڵێکی پانتۆمایم دەگێڕێ لەناوپانتایی دەق دا، لێرەوە بۆمان ڕوونە کاراکتەر بەهۆی ژیانی غوربەت و تاراوگە دووچاری دۆخێکی دەروونی کردۆتەوە، چون هەڵکەندن لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و بۆ دنیایەکی تەواو جیاواز لەیەک و دابڕان لە هاوڕێ و دۆست و ئازیزان و لەنیشتمانی زێدی باب و باپیران کارێکی سانا نییە، بۆ مرۆڤ، دەکرێت مرۆڤێک لە نیشتیمانەکەی دەرکرێت، بەڵام هەرگیز ناکرێت نیشتمان لەناومرۆڤ دەربکرێت) *ئێریش کێستنەر." مرۆڤ خەسڵەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە و دەتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ دەوروروبەرو ژینگەی سروشتی و دەوروبەری، پێ بەپێی ئەزموونکردنی پەیوەست دەبێت بەو شوناسە گشتگیرەی کەتیایدا دەژی، گەر بەهۆکار گەلێک تاکی کورد لەناو نیشتمانەکەشیدا نەژی یان دەربکرێ، دەتوانێ لە شوێنێکی تردا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی بۆ خودی مرۆڤ، مایەی مەترسی یە نیشتمان دەربکرێت لەناو خودی هەستەکانی مرۆڤ بوونی . .


مرۆڤ خاوەنی ئەندێشەیەکە لە هەر سەردەم و کاتێکدا بێت دەیەوێ بگەڕێتەوەو بۆ ئەو شوێنەی خۆی کە بەزۆر دووریان خستۆتەوە. ئەمە هۆکار گەلێکە دۆخی دەروونی کارەکتەری شێواندوە، لە ساتی تەنیایی دا بکەوێتە وتوێژ لەگەڵ خودی خۆی، لەڕووی نەفسیەوە کەسایەتیەکەی ناو دەروونی زاڵە بەسەر کاراکتەری ناوچیرۆکەکە، وەک ڕەقیبێک بەسەریەوە ئاڕاستەی دەکات. و بەردەوام وەک مۆتەکە بەدواوەیەتی.

سەرەتا نووسەر هونەرمەندی بەناوبانگی جیهانی ( ڤانکوخ) مان پێ دەناسێنێ، بەڵام چیرۆکی ناسینی خودی نوسەر بۆ ئەم هونەرمەندە جیهانیە دەگەڕێنێتەوە بۆ یەکێک لەهاوڕێ شاعیرەکانی کەلەڕووی شێوەی ژیان و کۆتایی ژیانیشی هاوشێوەی یەکن لەناوەڕاستی ساڵانی حەڤتاکان لەڕێگای هاوڕێ شاعیرەکەیەوە (ڤانکوخ) دەناسێ، لەو دەمەدا شاعیرەکە شیعرێکی خۆی پێشکەش بە ڤانکوخ کردوە کاتێکیش دەبینێ لەبەرلین لەدوای نەمانی ڤانکوخ پێشانگای تایبەت بە تابلۆکانی دەکرێتەوەو بۆ ئەو مەبەستەش بلیتی پێشانگاکە دەبڕێ، پاشان چاوەڕوانی هاتنی میترۆکەیە تاوەکو بگاتە شوێنی پێشانگاکە ئەم چاوەڕوانییە دەیخاتە حاڵەتێکی ناجێگیرەوە، گەر بەحەزی ئەوبوایە هەرئێستا لەپێشانگاکە ببوایە، هەربۆیە خۆی بە مۆبایلەکەی دەستیەوە خەریک دەکات، یەکەم هەواڵی ناو سۆشیال میدیا ئەوەیە هاوڕێ شاعیرەکەی (محمد عومەر عوسمان) ناسراو بە (ژەنەڕاڵی پایز) لە کوردستان خۆی کردوە بە پەتاو کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە، نوسەر دووچاری دۆخێکی ناهەموار دەکات، جوانی چیرۆکە لەوەدایە نوسەر لەڕێگای ڤانکوخی هونەرمەندی شێوەکارییەوە (محمد عومەر عوسمان) ژەنەڕاڵی پایز بەخوێنەرانی دەناسێنی واتە نوسەر ژەنەڕاڵی پایزی وەک شاعیرێک لەئاستێکی بەرزی شیعریدا بەراورد ئەکا بە نوسەرو شاعیرو هونەرمەندە جیهانیەکان و ئاوها دەیناسێنێ، ئەمەش لووتکەی بڕوابوونە بە کلتوری نەتەوەکەی لەناو کلتوری گەلانی دنیادا، واتە نوسەر شانازی بە شوناسی نەتەوەکەی خۆیەوە دەکات کەدەتوانێ لەڕێگای هاوڕێ شاعیرەکەیەوە ململانێی شارستانیەکان بکات.

پاشان نوسەر لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دەژی دەیەوێ لەڕێگای ئەو دابو نەریتە کۆمەڵایەتیەی کە لەوێ چۆنە بەراوردی بکات بە دابونەریتی کۆمەڵایەتی گەلەکەی، لەساتی ڕۆشتنی بۆ بینینی پێشانگاکەی ڤانکوخ ، لەویستگەی میترۆ نزا دەکات کەسێک خۆی فڕێ نەداتە بەردەم میترۆکە و گیانی خۆی لەدەست بدات، چون فریای بینینی پێشانگاکەی ڤانکوخ ناکەوێ بەهۆی ڕوداوەکەوە هێڵی میترۆکە لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە ڕابگیرێ، نوسەر زۆر...

بۆ لاپەڕە...13

## بەرهەمی نوێی هونەرمەند هیوا ساڵح




مەسەلەی ئەوەی کە هەندێك کەس بەهرەی هونەریان هەیە و جەماوەری بەربڵاوی خەڵکیش لێی بێبەشن، لەوە بەولاوە کە ئەنجامی دابەش بوونی کارە شتێکی تر نییە. لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا هونەرمەند لە گوشاری دەوروبەرو دام و دەزگای دەوڵەت ڕزگاری دەبێت کە دابەشکردنی کار دروستی کردون...

کارل مارکس

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# خەلیل غەزەلی: کاتێك کە دەبینرێت بوار بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش ئامادەیە، ئێمە دەبێ لەبیری چەکی سەرکەوتندا بین. ئەو چەکەش تەنیا "ڕێکخستن" و "یەکێتی"یە.

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز خەلیل غەزەڵی ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ و سەرپەرشتیاری پێشوویماڵپەڕی هەڵوێست سەبارەت بە پێکهێتانی حکومەت لە عێراق...



**بۆپێشەوە: جموجۆڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، بەردەوامە... تا چەندە لاتان وایە ئەم حکومەتە دەتوانێت سەربەخۆ بێت و دوور لەدەستێوەردانی دەرەکی پێکبێت؟**

**خەلیل غەزەڵی:** سەرەتا سوپاسی بانگهێشتەکەتان دەکەم.

یەکەم وشەگەلێک کەلە پرسیارەکەتاندا زەق و دیارن، وشەگەلی "سەربەخۆ بوون" و هەروەها "دەستێوەردان"ە. دوو وشە،کە ئیمڕۆکە بەداخەوە یەکەمیان (سەربەخۆ بوون) لە گۆڕەپانی سیاسەتی عێراق (بە باشووری کوردستانیشەوە) دەستناکەوێ، و دوەمیان (دەستێوەردان) هێندە زۆرە کە ژیانی ئاسایی ئەم وڵاتەی تێکداوە.

> **ئێستا عیراق لە ڕاستیدا و بەکردەوە بوەتە چەند پارچەوە. کە لە چەند و چەندەها کوتلە و میلیشیا و حیزب و تاقم پێکهاتوە کە بە زۆری هەر کامە ڕێسمەی بەدەستی وڵاتێکی دەرەکیە. کە ئەمەش بوەتە هۆی ئەوە، ئەو وڵاتانە بتوانن لە ڕێگەی ئەم حیزب و تاقمانەوە، ئەجندای خۆیان لە عێراق ببەنە پێش...**

با لە پێکهاتنی حکوومەتی نوێوە دەسپێبکەم. وەک هەموومان دەزانین هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراق ئەوە پێنج مانگی تێپەڕاند ( ٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٢١ بەڕێوە چوو). ئەوەش دەزانین کە هەڵبژاردنێکی پێشوەخت بوو. هۆی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی پێشوەختیش ئەوە بوو کە لە لایەک گۆڕەپانی سیاسەت لە عێراق زۆر ئاڵۆز و ناجێگیر بوو . لە لایەکی دیکەوە ئیعتراز و خۆپیشاندانی نارەزایەتی زۆر و بەردەوام لە عێراق، بەتایبەت لە باشووری عێراق و بەغدا بەرێوەچوو. ئەوانە سەرەنجام کاربەدەستانی ناچار کرد کە ڕێگەچارە لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی پێشوەخت دا ببیننەوە. بەڵام وەک دەبینین ئەو هەڵبژاردنەش، نەک هەر چارەسەر نەبوو، بەڵکە گرێ پووچکەی گۆڕەپانی سیاسەتی عێراقی هێندەی دیکە ئاڵۆز کرد. بەو شێوەیە کە جودایی و تەنانەت لەبەریەک وەستانی زیاتری خستۆتە نێوان کوتڵە جیاوازەکانەوە (بێجگە لە سونە) ، بەشێوەیەک کە بواری لێکتێگەیشتن و سازان و دەسپێکردنی رەوەندی ئاسایی نامومکین کردوە. بەڵام تەنیا دەسکەوتی بۆ خەڵکی ئێراق، ئەو شکستە بوو کە لایەنگرانی ئێران تووشی هاتن، کە ناوی "فەتح"یان لە خۆ ناوە . ئەوە بوو کە دۆڕانیان قەبووڵ نەبوو، هەولێکی زۆریاندا کە ئەنجامی هەڵبژاردن هەڵووەشێننەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان تا ئێستە بێ ئەنجام ماوەتەوە، ئەگەرچی کاری تێکدەرانە و ئاژاوەیان هەر بەردەوامە.

وەک باسم کرد ئەوە پێنج مانگ زیاترە هەڵبژاردن کراوە و هێشتا نە سەرۆک وەزیر و کابینەی نوێ پێکهاتوە و تەنانەت لەسەر دانانی سەرکۆماریش (کە پۆستێکی ڕواڵەتییە) هیچ پێکهاتنێک رووێنەداوە، بەشێوەیەک کە بڕیار بوو دووشەمە (٧ی مانگی ٢) پارلەمان سەرکۆمار دەسنیشان بکات، کە بەهۆی بەشداری نەکردنی زۆرێک لە فراکسیونەکان، کۆبوونەوە سەری نەگرت و ئەوەیش بۆ ماوەیەکی نادیار پەک خرا. ئەو گرفت و تەنگەژانەی کە باسم کرد، رەنگە هەڵە نەبم گەر بڵێم، یەکێک لەگرنگترین هۆکارەکانیان دەستێوەردانی دەرەکییە.

ڕاستی ئەوەیە هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ کە سەدام و دەسەڵاتی حیزبی بەعس رووخا، لە عێراق چەشنێک پشێوی پێکهاتوە کە بوەتە هۆی تێکچوونی ئەو "یەکێتی نەتەوەیی" یە، کە حکوومەتەکانی پێشوو ئیدیعایان دەکرد و لە راستیدا بە سەرکوت و زەبر و زەنگ پێکیان هێنابوو. واتا ئێستا عیراق لە ڕاستیدا و بەکردەوە بوەتە چەند پارچەوە. کە لە چەند و چەندەها کوتلە و میلیشیا و حیزب و تاقم پێکهاتوە کە بە زۆری هەر کامە ڕێسمەی بەدەستی وڵاتێکی دەرەکیە. کە ئەمەش بوەتە هۆی ئەوە، ئەو وڵاتانە بتوانن لە ڕێگەی ئەم حیزب و تاقمانەوە، ئەجندای خۆیان لە عێراق ببەنە پێش.

عیراقی ئێمڕۆ لە کردەوەدا لە سێ ناوچەی لێک بێگانەی (شیعە، سونی و کورد) پێکهاتوە کە هەرکام لەم قەوارانە لەنێو خۆیاندا دابەش بوون بە سەر رەوت و کوتلە و حیزبی جیاوازەوە، کە زۆرجار نەک هەر تەبا نین، بەڵکوو دژ بە یەکن.

بۆ ئەوەی باسەکە زۆر نەخایەنێ، بەکورتی دەتوانم بڵێم کە ئیمڕۆ جیا لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، ئێران سەرەکیترین وڵاتە کە بەشێوەیەکی هەمەلایەنە لە عیراق حوزووری هەیە و بۆ بردنە پێشی پلانەکانی خۆی بە میلیارد (کاتێک ئەو رادە دەڵێم، ئیغراقم نەکردوە) دولار هەزینە دەکات. بۆنموونە هەر هەزینەی مووچە و چەک و چۆڵی حەشدی شەعبی و چەند جۆری دیکەی میلیشیای چەکدار وەک "عصائب اهل حق"، سەرایای خوراسان و... سەرسووڕ هێنەرە. ئاشکرایە کاتێک وڵاتێک ئەو رادە زۆرە پارە سەرف دەکات؛ بەئاسانیش دەتوانێت لەسەر هەموو شتێکی عیراق (سیاسەت، شەقام، پارلەمان و...) کاریگەریی هەبێ. هەروەک تا ئێستە هەیبووە. دیارە لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا و تا کوشتنی "قاسم سلێمانی" هەندێک هەیمەنەی ئێران لە عێراق دابەزیوە و هێز و کاریگەریی وەک جاران نەماوە، کە چەند خۆپیشاندان دژی ئەو وڵاتە و سووتاندنی ئاڵای ئێران و هەروەها ئاخر نموونەی چاوپێکەوتنی "سمایل قائانی"سەرۆکی سپا (فەیلەق)ی قودسی ئێران لەگەل موقتەدا سەدر بوو، کە هەر پاش دیدارەکە، سەدر بە دەرکردنی تویتێک دروشمەکەی خۆی (نە رۆژهەڵات، نە رۆژئاوا، ئێراقی سەربەخۆ)ی دووبارە کردەوە کە بڵێت، ئەو دیدارە ستراتیژیی (سەدری) نەگۆڕیوە. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش هێشتا زووە پێمان وابێ هەیمەنەی ئێران بەتەواوەتی شکاوە.

> **بۆ هەموو دەرکەوتووە کە دەسەڵاتداران چ لە باشوور و چ لە عێراق بێ‌کەڵك ، سەرەڕۆ ، نەشیاو و گەندەڵن. دامودەزگاکانیان ناکارامەو، دز و نالایەقن. بەداخەوە وەك دەزانین لە گەمەی بەناو دیموکراتیك دا دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن. کە ئەمە دەبێ لەسەری ڕاوەستە بکەین. دەبێ لەخۆمان بپرسین چۆناو چۆنە کە خەڵك کەسانێك هەڵدەبژێرن کەپاش هەڵبژاردن دەبنە بەڵای گیانیان و لەلایەك برسی ڕایان دەگرن و لە لایەکی دیکەشەوە گەر ئیعتراز بکەن دەیانگرن و تەنانەت دەیانکوژن!**

بێجگە لە ئێران وڵاتانی دیکەی وەک سعوودی، وڵاتانی کەنداو، چەند وڵاتی دیکەی عەرەبی و ... هەرکام بە ڕادەیەک کاریگەرییان لەسەر کوتلەکان لە عێراق هەیە. کە بەشێک شەڕی خۆیان (بەتایبەت ئێران و سعوودی) بە وەکالەت بە داردەستەکانیان لە عێراق سپاردووە. کە ئێمە رەنگدانەوەکانی لە گۆڕەپانی سیاسەتی عێراق دا دەبینین. ئەمەش بەداخەوە وایکردوە، کە شێرازەی ژیانی ئاسایی لە عێراق تێکچووە و ئەوەی بەدی ناکرێ یەکێتی و تەبایی لە لایەن دەستە و تاقمە جۆربەجۆرەکانەوەیە. کە ئەوەش ئایندەیەکی تاریک و ناروون لە عێراق دەداتەو دەستەوە. کە گرنگترینیان پەراوێزخستن و بارگرانییە بۆ جەماوەری خەڵک.

**بۆپێشەوە: ئایا لەهەلومەرجی ئێستای عێراقدا، پێکهێنانی حکومەتی زوربە لەجێگای حکومەتی تەوافوقی کێشە دروست ناکات؟**

**خەلیل غەزەڵی:** ئەڵبەت ئەو زۆربە کە باسدەکرێ کە چەند کوتلە پێکەوە زۆرینەی ڕێژەیی بۆ پێکهێنانی حکوومەت پێک بێنن هەر تەوافقییە. وەک لە پرسیاری پێشوو باسم کرد، عێراق بەکردەوە بوەتە سێ بەشەوە و هەر بەشەی ژمارەیەک زۆر حزب و دەستە و تاقم تێیدا سەریان هەڵداوە. ئاشکرایە لە هەلومەرجێکی وەها دا هیچ کوتلە یا حزبێک بەتەنیا ناتوانێت زۆرینەی رەها (موتلەق)ی دەنگ بەدەست بێنی کە بتوانێ خۆی بەتەنیا حکوومەت پێک بێنی، مەگەر بە ئیئتلاف لەگەڵ یەک یا چەند حیزب و تاقمی دیکە. وەک لە ٢٠٠٥بەداواوە وا بووە. هەوەها تا ئێستە ئەوەی دیتوومانە هەمووی حکوومەتی تەوافقی (بەتایبەت لەژێر کاریگەریی دەستی دەرەکیدا )بووە. بۆ نموونە لە ٢٠١٠ لیستی عێراقیە (ئەیاد عەلاوی) زۆرترین دەنگی هەبوو، بەڵام لە سازانێکی تەوافقیدا، نووری مالکی دەوڵەتی پێک هێنا. یا لە ٢٠١٤ نووری مالکی زۆرترین دەنگی هێنا، بەڵام حەیدەر عیبادی لە تەوافق دا بووە سەرۆکی دەوڵەت. هەروەها لە ٢٠١٨ گەرچی کوتلەی سەدر (سائیروون) زۆرترین دەنگی هەبوو، بەڵام عادل عەبدولمهدی دەوڵەتی پێکهێنا و پاشان کە قەیران قووڵتر بووەوە، مستەفا کازمی هات کە

**دەکرێ بە چاو لێکردن لە بارودۆخی کۆمەڵگە لەباری تێریی و برسیەتی، هەبوون یا نەبوونی ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ و سیاسەتی ترس و خۆف و کوشت و بڕی دەسەڵات، بەوە بگەین کە ئەو دەسەڵاتە توانای چاکسازی و خەڵکی بوونی نەماوە و تەنیا ڕێگا رووخاندنیەتی ...**

خاوەن کوتلەیەکی ئەوتۆ نەبوو. دەمەوێ بڵێم کە وەزعی عیراقی ئەمڕۆیان والێکردوە کە قەوارە دیموکراتێکەکانیش کە نوێنگەی مودێڕنیتەن (پارلەمان و دەوڵەت و دامەزراوە مودێڕنەکان)، بە شێوەی عەشایری و بە سازان (مەسڵەحەتی ردین سپییەکان) چاویان لێدەکرێ و بەڕێوەیان دەبەن. ئەمەش لە سەرووی هەموانەوە دەستێوەردانی وڵاتانی دەرەکیی پێوە دیارە.

بەکورتی، دەسەڵاتێکی تەوافقی بەو زانیاریەی لەسەر کوتلەکانی پارلەمانی عێراق هەمانە، لە بەرژەوەندیی گەل و بەتایبەت خەڵکی هەژار و فەقیر دا نییە. دەسەڵاتێکی تەوافقی ئەوەی لای گرنگ نییە، بەرژەوەندیی نیشتمانی‌یە. بەڵکوو زۆرتر بەرژەوەندیی خێڵەکی و پاشان ئەو دەوڵەتەی پشتیوانیی دەکات ، دەپارێزێت.

**بۆپێشەوە: جێگەو ڕێگەی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان بەتایبەت (پارتی و یەکێتی) لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبینن؟**

**خەلیل غەزەلی:** وەک باسم کرد لە پاش رووخانی سەدامەوە لە رواڵەت دا، دامودەزگای دیموکراتیی لە عێراق (بە باشووری کوردستانیشەوە) جیاوازن لە پێشوو. ئەڵبەت ئەم شێوە رواڵەتییە هەر لە سەرەتای پێکهێنانی عێراق لە سەر وێرانەی عوسمانی‌یەوە هەبوە. بەڵام ئەمجارە بانگەشەی ئەوە دەکرا کە دیموکراسیەکی ڕاستەقینە بونیاد نراوە.کە لە راستی دا وا نەبوو. ئەگەر ئەوسا دیکتاتۆرێک قەوارە دێموکراتیکەکانی تا ئاستی تەسبیحی دەستی خۆی دادەبەزاند، ئەمجارە باوەڕ و دابە کۆنەکانی وەک دین (ئیسلامی سیاسی چ شیعە، چ سونە) و سونەتگەرایی و عەشیرەتگەریی ئەو ناوەندانەیان لە خشتە بردوە. بۆیە ئێستە لە راستی دا هەبوونی پارتی یا یەکێتی لە دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوەندیی بوونی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک بە مەبەستی بەرژەوەندیەکانیان نییە و تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی حزبی و سەرۆکەکانیان لەوێن. واتا چەشنێک شەریکایەتیی شیعە و سونە دەکەن بۆ دابەشکردنی سامان و دەسەڵات. بویە شەریکی ئەم وەزعە نالەبارەن کە بەسەر عیراق و کوردستاندا هێناویانە.

با ئیشارە بەوەش بکەم سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی عێراق، پارتی و یەکێتی خاوەن بایەخ و نرخێکی قورس بوون لای دەوڵەتی عێراق و بگرە لای وڵاتانی دیکەش. بەڵام بەرە بەرە ئەو هەیمەنەیان لەدەست دا. بەتایبەت پاش تەسلیم کردنەوەی کەرکووک و ناوچەدابڕاوەکان لە لایەن یەکێتی و، هەڵاتنی یێ بەربەرەکانێ پارتی. کە بووە هۆی شکانیان. وایلێهاتوە ئێستە خۆشیان (پارتی و یەکێتی) نیگەرانی داهاتووی خۆیان و دەسەڵاتەکەیانن. هەر وەک لە هێڕشی داعشدا ئەوەیان نیشانیان دا.

**بۆپێشەوە: دزی و تالانی و سەرکوت و زەوتکردنی سەرەتاییترین مافە ئازادییەکان، تایبەتمەندی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانە لە سەرتاسەری عێراق و کوردستاندا، خەڵکی عێراق و کوردستان چۆن دەتوانن لەدەست ئەم دەسەڵاتە، رزگاریان بێت؟**

**خەلیل غەزەلی:** ئیمرۆ بۆ هەموو دەرکەوتووە کە دەسەڵاتداران چ لە باشوور و چ لە عێراق بێ‌کەڵک ، سەرەڕۆ ، نەشیاو و گەندەڵن. دامودەزگاکانیان ناکارامەو، دز و نالایەقن. بەداخەوە وەک دەزانین لە گەمەی بەناو دیموکراتیک دا دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن. کە ئەمە دەبێ لەسەری ڕاوەستە بکەین. دەبێ لەخۆمان بپرسین چۆناو چۆنە کە خەڵک کەسانێک هەڵدەبژێرن کەپاش هەڵبژاردن دەبنە بەڵای گیانیان و لەلایەک برسی ڕایان دەگرن و لە لایەکی دیکەشەوە گەر ئیعتراز بکەن دەیانگرن و تەنانەت دەیانکوژن!

بۆچوونی من ئەوەیە جیا لە فێڵ و تەڵەکەی هەڵبژاردن و بەربەست دانان بۆ کەسانی شیاو و دڵسۆز، ئاستی ئاشنا بوونی کۆمەڵگە، مەبەستم زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکە (چ عیراق و چ کوردستان) بە مافی خۆیان نزمە و دەسەڵات کە ئەرکی بەئاگا کردنەوەی کۆمەڵگەیە، دانستە هەوڵ دەدات بە باوەشێن کردنی ئایین، خورافات و داب و نەریتە کۆن و کۆنەپەرستانەکان پێش بە وەخەبەر هاتنی جەماوە و ناسین مافەکانیان بگرێ. کە بەداخەوە ئیمڕۆکە لە هەموو جیهاندا ئەم وەزعە دەبینین.

بۆ روونکردنەوەی ئەم باسە نموونەیەک دێنمەوە. هەموومان دەزانین کە هەم لە ئاستی عێراق و هەم لە ئاستی کوردستان ناڕەزایەتی لە دەسەڵات هەیە کە لە خۆپیشاندان و ئیعترازەکاندا دەیبینین. وەک باسم کرد ئەو خۆپیشاندانانە لە عێراق یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی پێشوەخت بوو. بەڵام ئەوەشمان دیت پاش هەڵبژاردن، هەر ئەوانەی هاتنەوە کە پێشتر بوون. من چەند هۆکار بۆ ئەمە دەبینم کە بریتین لە : یەکەم، ئاست و ڕێژەی ئەو خەڵکە نارازییە زۆر کەمە بەنیسبەت کۆمەڵگەوە. تا ئەو جێگایە کە دەنگەکانیان ناتوانێت گۆڕانێکی بنەڕەتی لە هەڵبژاردن دا پێک بێنی. دووەم، چاو و ڕاوی دەسەڵاتداران و خاپاندنی دەنگدەران و بەداخەوە دواکەوتوویی گشتی و نەبوونی ئاگایی بە مافەکانی خۆیان، دەبێتە هۆی دەنگدان بە کەسانێک کە پێشتر دەنگیان پێداون و تاقی کراونەتەوە.

**بۆپێشەوە: درەنگ یان زوو خەڵکی عێراق و کوردستان دەست دەبەن بۆ راپەرین و شۆرش، سەرکەوتنی راپەرین و شۆرش، لە گرەوی چیدایە؟**

**خەلیل غەزەلی:** مرۆڤ تا بوە بەگوێرەی دەرەتان و توانای لە خەبات و تێکۆشاندا بوە و هەیە. جا چ بۆ دەست خستنی بژێوی ژیان بێ یا بۆ ئاسوودەیی. یەکێک لە بوارەکانی خەبات تەحەمول نەکردنی دەسەڵاتە سەرکوتگەر و تالانچیەکانە. کە مێژوی مرۆڤایەتی تەژی لەم خەباتەیە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەوڵ و تێکۆشانی ڕۆژانە بۆ چاککردنی باری ژیان لە درێژەدا و بە تەنگەبەر بوونی هەلومەرجی ژیان و ئاستەنگەکانی دەسەڵات ، روو لە تووڕەبوون و سەرەنجام ڕاپەڕین و شۆڕش دەکات. ئاشکرایە ئەوکات و زەمەنەی ڕاپەڕین و شۆڕش بەرپا دەبێ (کە جیاوازە لە وردە ئیعتراز) هیچکەس ناتوانێ بەشێوەی دیار پێش بینی بکات. لەبەر ئەوە گەر شۆڕش پێش بینی بکرێ، دەسەڵات دەسبەجێ ئاڵترناتیڤی بۆ دەبینێتەوە و پێشی پێ دەگرێ و سەرکوتی دەکات. بەڵام دەکرێ بە چاو لێکردن لە بارودۆخی کۆمەڵگە لەباری تێریی و برسیەتی، هەبوون یا نەبوونی ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ و سیاسەتی ترس و خۆف و کوشت و بڕی دەسەڵات، بەوە بگەین کە ئەو دەسەڵاتە توانای چاکسازی و خەڵکی بوونی نەماوە و تەنیا ڕێگا رووخاندنیەتی. واتا ئەوە دەسەڵاتە ،کە بە نابەرابەریی و سەرکوت و برسی کردنی خەڵک، بوار بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش خۆش دەکات.

کاتێک کە دەبینرێت بوار بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش ئامادەیە، ئێمە دەبێ لەبیری چەکی سەرکەوتندا بین. ئەو چەکەش تەنیا "ڕێکخستن" و "یەکێتی"یە. بۆ ئەو مەبەستەش هەم تاکی تێکۆشەر و زانا پێویستە هەم ڕێکخراو کە وەک بەندی تەسبیح بتوانێ کۆمەڵانی خەڵک و ناوەندەکانی ئیعتراز، وەک دەنکی تەسبیح لە دەوری بەندی تەسبیح کۆ بکاتەوە. ئەڵبەت لەم سەردەمەدا کە سەردەمی دجیتاڵ و ناوەندە مەدەنیی((NGOەکانە، ناوەندە مەدەنیەکان و فەزای مەجازی و ئینتێرنێت، دەوری زۆر پۆزتیف (ئەرێنی) لە یەگرتوویی و ڕێکخراوبوون دەبینن و ئێمە دەبێ حەتمەن لە فەزای مەجازی و ئینتێرنێت وەک چەکێکی گرنگ بۆ پێشبردنی خەبات و تێکۆشانمان کەڵک وەرگرین.

بۆپێشەوە: ئەڵتەرناتیفی دەسەڵاتی ئێستا چ سیستەمێکە؟ بە واتایەکی تر دەبێ چ سیستەمێکی سیاسی جێگەی دەسەڵاتی ئێستا بگرێتەوە؟

خەلیل غەزەلی: وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ بیروڕای کەسی. واتا هەرکەسە چ باوەڕێکی هەبێ، لەسەر ئەو باوەڕەی خۆی باسی ئاڵترناتیڤ و دەسەڵاتی داهاتو دەکات. بەو پێیە کە من وەک تاکێکی چەپ بیر دەکەمەوە، بێگومان تەنیا ئاڵترناتیڤ لە دەسەڵاتی خەڵک را دەبینم کە کۆمەڵانی خەڵک بەشێوەی شوورایی و لە هەڵبژاردنی ئازاد سیستەمی خۆبەڕێوەبردنی دێموکراتیک دامەزرێنن. کە دادپەروەریی، بەرابەریی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندا، جیایی هەرچەشنە ئاییینێک لە دەسەڵات، و بایەخ دان بە ژینگە و ژینگەپارێزی و بەتایبەت نائیدئۆژیک بوونی دەسەڵات بگرێتە خۆی.

من وا دەزانم چەپی سونەتی و تا ڕادەیەکیش چەپی رووناکبیری سکتاریست. (مەبەست ئەوانەن کە لە ئاسمانەوە چاو لە کۆمەڵگە دەکەن خۆیان بە مێحوەری جیهان دەزانن، لە کاتێکدا تەنیا کۆڕێکی چەند کەسی واتا "سێکت"ێک زۆرتر نین) زیانیان بە چەپ گەیاندوە. واتا لە سەرهەڵدانی سۆڤیەتەوە تا ئێستە زیانی گەورەیان بە چەپ و بەتایبەت بیری یەکسانی خوازیی گەیاندوە. سوڤیەت پاش ماوەیەکی کەم لەژێر ناوی "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا"، دیکتاتوریی حزبی دامەزراند و پاشتر بوە دیکتاتۆریی ڕێبەری حیزب (ستالین و کەسانی پاش ئەو) ، ئەوەی جینایەت و سەرکوت بوو لە ژێرناوی کومونیزم و چەپ ئەنجامیان دا و چەپ وکومۆنیزمیان بێ ئیعتبار کرد. چەپی رووناکبیری سێکتاریست یش، بەشێوەی خۆی زیان بە چەپ و بیری سوسیالیستی دەگەیەنێ، لە کاتێکدا دەبێ قەبووڵ بکەین لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی چەند هۆکارێکەوە کە نموونەیەکی یەکێتی سۆڤیەت بوو، چەپ لە ئاستی جیهانی دا تووشی پاشەکشە هاتوە. بۆیە چەپەکان دەبێ بە وانە وەرگرتن لە ڕابردوو، لەگەڵ ڕاستیەکانی ئیمڕۆ خۆیان و باوەڕیان دەق بدەن و بەگشتی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ چەپ لە سەردەمی دیجیتاڵدا بکرێ و هەوڵ بۆ بووژانەوەی بدرێ، سێکتاریستەکان وا لێکدەدەنەوە کە جیهان ئامادەی شۆڕشی کرێکارییە، ئەویش لە وڵاتانێک کە ئیسلامی سیاسی قوولە دەکات و ئاستی فەرهەنگ و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانیان جێ داخە. لەم سەردەمەدا دەبێ بزانین کە شۆڕشی دیجیتاڵ هەموو بوارێکی ژیانی تووشی ئاڵوگۆڕ کردوە و ئەمڕۆ تەنانەت چەمکی کرێکاریش دەبێ خوێندنەوەی نوێی بۆ بکرێ. لە وەها هەلومەرجێکدا ئێمە پێش هەموو پێوویستمان بە وریاکردنەوە و ڕێکخستنە، کە شۆڕشی دیجیتاڵ یارمەتیدەرێکی باشە.

**بۆپێشەوە: تەبایی و ناتەبایی نێوان پارتی و یەکێتی چ رۆڵێک لە پێگەی ناسیونالیزمی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا دەگێڕێت؟**

**خەلیل غەزەلی:** لە پرسیارەکانی پێشوو ئاماژەم بەوە کرد کە یەکێتی و پارتی ئەو سەنگەیان نەماوە کە سەرەتاکان هەیانبوو. جیا لەوەش هەر ئێستە شەڕێکی قووڵ لە نێوان ئەم دوو حزبەدایە و ئەگەر ئێران و تورکیە نەبوایەن کە بۆ ڕاگرتنی پارسەنگ و تالانی باشووڕ و بازاری میلیاردی، پێویستیان بەم دوو حزبەیە،لە مێژ بوو دیسان ئێمە شاهیدی یەکتر قەسابی کردنی جەلالی و مەلایی بووین. ئەڵبەت ئێستە یەکیتی زۆر… لە پارتی لاوازترە. دیارە لە پاش مردنی جەلال تاڵەبانییەوە، ڕەوەندی لاوازیی یەکێتی، کە پێش مەرگی تاڵەبانی دەستیپێکردبوو، رووی لە زیاد بوون کرد. دیارە جەلال تاڵەبانی گرنگترین هۆکار بوو کە پارتی بەهێز بێت. پاش ڕاپەڕین و گەڕانەوەی ئەم دوو پارتە لە ئاوارەیی لە ئێران، یەکێتی وەک ڕێکخراوێک بە پێگەی وردەبورژوازیی شاری لە سەرکردایەتی و تا ڕادەیەک قەوارەدا دەرکەوت، لە بەرابەردا پارتی هەر…



# سمکۆ ڕەشید: (پارتی و یەکێتی) هەوادارو نفوزیان زۆر دابەزییوە، بەڵام چونکە خاوەن هێزی چەکدارن، بە زەبری هێز لە دەسەڵات ماون....

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز سمکۆ ڕەشید چالاکوانی سیاسی سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی عێراق

**بۆپێشەوە: ناو ماڵی "شیعەکان" لێکترازاوە، ئەم لێکترازانە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێکهێنانی حکومەت دەبێت؟**

**سمکۆ ڕەشید:** لە پێشتردا کە ناومالی شیعە یەکگرتوو بوونە، لە دوای ٢٠٠٣ پەیوەندی بە ڕۆڵی ئێران و بەهێزی نفوزی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و حزبی دەعوەو مام جەلال تاڵەبانییەوە هەبوو، بەڵام ئێستا بزووتنەوە و حزبی نوێی بەهێز بوونی هەیە لە ناو شیعەدا، بەتایبەت موقتەدا و تەیاری سەدریی. ئێستا شەڕی موقتەدا سەدر تەنها بۆ دروستکردنی حکومەت نییە، بگرە شەڕی مەرجەعیەت دەکات.

**بۆپێشەوە: لەهەڵبژاردنەکاندا لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران پاشەکشەیان کرد، و باس لەوە دەکرێت ئەو لایەنانە دەبنە ئۆپۆزیسیۆن، ئایا ئەمە چ کاریگەریەکی لەسەر حکومەتی داهاتوو، و شەقامی عێراقی دەبێت؟**

**سمکۆ ڕەشید:** ڕاستە لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران پاشەکشەیان کردوە، بەڵام بڕواناکەم دەستبەرداری دەسەڵاتبن لە عێراق و لە حکومەت بەشدار دەبن. ئێستا کێشەی سەدر تەنها بۆ دروستکردنی حکومەت لەگەڵ نوری مالکیدایە.

**بۆپێشەوە: موقەتەدا سەدر پێداگری لەسەر پێکهێنانی حکومەتی زوربە دەکات و دەیەوێت کۆتایی بە حکومەتی تەوافوقی بهێنێت، چۆن دەڕواننە ئەو پێداگرییەی موقتەدا سەدر؟**

سمکۆ ڕەشید: موقتەدا سەدر ئیش لە سەر حکومەتێکی بەهێزو مەرکەزی دەکاتەوە کە دەسەڵاتی هەبێت لە هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، و کۆتایی بهێنێت بە دیاردەی چەکداریی کە چەک لە حەشدی شەعبی و پێشمەرگە وەربگرێتەوە، تەنها چەک لە دەستی دەوڵەت بێت.

**بۆپێشەوە: جێگەو ڕێگەی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان بەتاییەت (پارتی و یەکێتی) لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبینن؟**

**سمکۆ ڕەشید:** ئەم دوو حزبە (پارتی و یەکێتی) لەبەرئەوەی لەلایەن تورکیاو ئێران و ئەمریکاو بەریتانیا وئیمارات و سعودیەوە باوەڕپێکراون، یاخود بەرژەوەندی ئابووری و سیاسییان هەیە پالپشتیان دەکرێت و بەشدار دەبن.

**بۆپێشەوە: زوربەی خەڵکی عێراق و کوردستان بڕوایان بە حزب و لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان نەک نەماوە، بەڵکو لێیان بێزارن و لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ڕاماڵینیان، چۆن دەکرێت کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەو حزبانە بهێندرێت؟**

**سمکۆ ڕەشید:** دەتوانین بڵێین لە عێراق هەندێ گۆڕانکاری ڕویداوە، بەڵام بە گوێرەی پێویست نییە، بۆ ئەو مەبەستە (ئێران و تورکیا)و ولاتانی خەلیج و ئەمریکا دەوریان هەیە لە پالپشتیان، سەبارەت بە کوردستان (پارتی و یەکێتی) هەوادارو نفوزیان زۆر دابەزییوە، بەڵام چونکە خاوەن هێزی چەکدارن و بە زەبری هێزی لە دەسەلات ماون. هەروەها لە باشوری کوردستان معارەزەی راستەقینە بوونی نییە، کە پێشرەوایەتی نارەزایی و داخوازی خەڵک بکات.

> **لە عێراق و کوردستان سیاسەتی ئابووری حکومەت لەژێر ڕۆشنایی سندوقی نەقدی دراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڕاجکردنی کەرتی گشتی وەك (کارەبا وخویندن و تەندروستی و ئاو)هتد.. هەروەها زیادکردنی باج لە سەر هاولاتیان پیادە دەکرێت، واتا هەژار هەژارتر دەبێت و دەوڵەمەند دەوڵەمەندتر دەبێت...**

**بۆپێشەوە: خەڵکی عێراق و کوردستان لە هەلومەرجێکی سەخت و ناخۆشدان، خواستی نان و کار و خزمەتگوزارییەکان، خواستی زوربەی هەرەزۆری خەڵکی عێراقە... تا چەندە لاتان وایە حکومەتی داهاتوو دەتوانێت وەڵام بەو خواستە سەرەتاییانەی هاولاتیان بداتەوە؟**

**سمکۆ ڕەشید:** لە عێراق و کوردستان سیاسەتی ئابووری حکومەت لەژێر ڕۆشنایی سندوقی نەقدی دراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڕاجکردنی کەرتی گشتی وەک (کارەبا وخویندن و تەندروستی و ئاو) هتد.. هەروەها زیادکردنی باج لە سەر هاولاتیان پیادە دەکرێت، واتا هەژار هەژارتر دەبێت و دەوڵەمەند دەوڵەندتر دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا داهاتی فرۆشتنی نەوت و گومرگی خالە سنورییەکان و ناچێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە. داهاتەکە لە کوردستان بۆ دوو بنەماڵەیەو لە عێراقیش بەشێکی زۆری بۆ گرووپە چەکدارەکان و مەرجەعیەتە! حکومەتی داهاتوویش ناتوانێت ژیان و گوزەڕانی خەڵک باش بکات .

**بۆپێشەوە: عێراق سیستەمی پەرلەمانییە، لە سیستەمی پەرلەمانیشدا سەرۆک کۆمار پۆستێکی تەشریفاتی و ڕەمزییە و دەسەڵاتی سنورداره... هۆکاری ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار، چییە؟ پێتوانیە ململانێکانی نێوانیانە لە کوردستان دەیگوازنەوە عێراق؟**

**سمکۆ ڕەشید:** پۆستی سەرۆک کۆمار لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دەوروکاریگەری خۆی هەیە بۆ هەر حزبیک بێت. پارتی لەبەر ئەوەی خاوەنی زۆرینەی کورسی پەرلەمانی عێراقە وەک حزبیکی کوردستان، ئەیەویت چۆن زۆرینەی سوننەکان بۆ حەلبووسی یە و بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرۆک وەزیرانی عێراق بریار وایە موقتەدا سەدر دیاری بکات، چونکە زۆرینەی شیعەکانە، بۆیە پارتی ئەیەوێت ئەمجارە پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ ئەوبێت، بەپێچەوانەوە ناکۆکیەکانی پارتی و یەکێتی لە کوردستان زیاتر دەبێت، نەک بگوازنەوە بۆ عێراق. لای هەموانیش ئاشکرایە ناکۆکی پارتی و یەکێتی هەمیشە لەسەر پۆست و پارە بووە نەک خزمەتکردن و بەرژەوەندی هاولاتیان.

**بۆپێشەوە: کارنامەی سەرۆک کۆمار لە دوای لە ١٨ ساڵی رابردوودا، چ دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی کوردستان بووە؟**

**سمکۆ ڕەشید:** پۆستی سەرۆک کۆمار لە عێراق، پۆستیکی تەشریفاتییە و عێراق سیستەمی پەرلەمانییە، زیاتر دەسەڵاتەکان لای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، لە ڕووی پەیوەندی ئابووری و دبلۆماتی، سەرۆک کۆمار ڕۆلێکی ئەوتووی نییە.

---

تەنراوە کۆنەکەی خۆی (عەشیرەیی) پاراستبوو. زۆری نەخایاند شەڕی جەلالی و مەلایی هەڵگیرسایەوە و پرۆسەی وەرگرتنی جاشەکان وەک پێشبڕکیەکی گرنگ کەوتە نێوانیانەوە، کە چەند ساڵی خایاند و بە هەزاران یان لەیەک کوشت و پاشان بەڕواڵەت ئاشتبوونەوە. لەم پڕۆسەدا جەلال تاڵەبانی بەرە بەرە قەوارە و تەنراوی یەکێتی گۆڕی بوو ڕێکخراوێکی عەشیرەیی. هێرۆی هاوسەری بردە سەرکردایەتی و برازا و خزمەکانی لە دەوری خۆی تەنیەوە و بۆ پۆستی سەرکۆماری لە بەغدا، ئەوەی تەنازول بوو بۆ مەسعوود بارزانیی کرد، تا وایلێهات دەسەڵات و پارەی هەرێم لە چنگی بارزانی کەڵەکە بوو. بۆ نموونە یەکێتی لە شارە گرنگەکانی وەک کەرکووک، هەولێر و سلێمانی هێزی یەکەم و کاریگەر بوو. بەڵام پاش ماوەیەک زۆرینەی پێگەی خۆی لەدەستدا و پاش مەرگی جەلال تاڵەبانی یەکێتی هێندە لاواز بوو، کە ئێستە وەک باسم کرد، ئەوە تەنیا ئێرانە بۆ ڕاگرتنی بالانسی هێز پێشی بە لێکترازانی گرتوە.

بەو باسەی کە کردم من وادەزانم کەوتن بە سەر سامانێکی زۆر و دەسبەسەرداگرتنی ملک و زەوی و خانووسازی و بارزگانیی کردن لە لایەک و، دەسەڵاتداریی شەراکەتی پڕ لە کێشەی پارتی و یەکێتی لە باشوور لە لایەکی دیکە ، هەم وەک پرۆسەی مێژوویی و هەم لە ئاستی کۆمەڵگە کۆتایی بەو ناسیونالیزمە ژێردەستەی(کوردایەتی) هێنا کە خۆیان پێ پێناسە دەکرد. واتا لە ڕوانگەی منەوە پرسی دیاریکردنی چارەنووس لە باشووری کوردستان بۆ پارتی و یەکێتی کۆتایی هاتوە. ئەویش لە شکڵی دەسەڵات پارتی کە یەکێتیی خستۆتە پەراوێزەوە. دەسەڵاتێکی گەندەڵی مشەخۆر کە نوقمی گەندەڵی، دزی، نیپۆتیزم و دابەزین بۆ وڵاتانی دەور و بەری وەک تورکیە و ئێرانە. بەڵام بەو دەسەڵاتدارییە سەقەت و پڕ لە تاوان و تالانە، بێجگە لە کەمینەیەکی زۆر کەم کە لە دەوری ئەو دەسەڵاتە ئالاون، زۆرینەی دانیشتوانی هەرێم لە ژیان و هەلومەرجێکی دژوار دا دەژین.

بەڵام لەسەر پێگەی یەکێتی و پارتی لە دەوڵەتی عێراق، وەک دەزانین لە پاش مەرگی جەلال تاڵەبانیەوە، پارتی بەشێوەیەکی نەرم و بەردەوام هەوڵی پەراوێز خستنی یەکیتی دەدات و تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوە. تەنیا کۆسپ بۆ پارتی ئەو ژمارە زۆرە چەکدار و چەکەیە کە یەکێتی هەیەتی و تەنیا خاڵێ بەهێزیشی لەبەرابەر پارتیدا هەر ئەوەیە و پشتیوانی ئێران. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم وەزعە ئەو دوو حزبە جیا لەیەک چوونەتە بەغدا و هەرکام لەگەڵ ئیئتلافێک کەوتوون. بەڕوواڵەت هۆکاریش پرسی سەرکۆمارە، ئەم پۆستە گەرچی پلەیەکی فورمالیتەیە، بەڵام دیسانیش پارتی دەیەوێ ئەوەش لە چنگی یەکێتی دەربێنێ. ئەوەیە هەرکام دابەش بوون بەسەر لایەنێکدا بە قەولی خۆیان "ناو ماڵی کورد" یان لێک ترازاندوە. ئەوەیە کە یەکێتی بەهۆی ئەوەی ڕێسمەی بەدەستی ئێرانە، لەگەڵ بەرەی شکستخواردی فەتح (حەشدی شەعبی و هادی عامری) کەوتوە و پارتیش لەگەڵ سەدر و سونە. بۆیە هەر ئەو لێک جیابوونە لە بایەخ و کێشیان ئەوەندەی دیکە کەمتر دەکاتەوە و ترسی جیابوونەوە باشووری کوردستان و ناسیونالێزمی کوردیی وەک مەترسی بۆ سەر"یەکیەتی خاکی ئێراق"ی ڕەواندوەتەوە . بەهۆی ئەوەی یەکێتی و پارتی لە گرتنەوەی کەرکووک پابەند نەبوونی خۆیان بە ناسیونالێزم و دروشمەکانی خۆیان نیشان دا و دەریانخست تەنانەت ناسیونالیستێکی لیبڕاو نین، ئەوە ناسیونالێزمی عەرەب (بە شیعە و سونەوە) و وڵاتانی دەوروبەری دڵنیا کردوە کە ئەم "شێرە نە ددانی هەیە و نە چنگ".

# درێژەی...هەناسە ونبووەکانی نیشتیمان

نەک لەکوونی مێروولەدا بۆئازادی بگەڕێم
من ئێستا لە ناخی دڵمەوە ئازارم هەیە بۆنیشتیمان
ئەوینی ئەو بۆمن جگە لە فیڵیکی گەورە بۆ فریودانم
هیچیتر نەبوو
بەس بمزانیایە تۆبۆچی هێندە تەنهایت
ئەی نیشتمان
چۆن ئەتوانیت هەڵکەیت لەگەڵ ئەم هەموو
سەرە گێل وچەتە و ژنی ڕیشن وسیاسی بێ سەرانەدا
لەو ڕۆژەی بەتۆ گەشتم
ئازار وەک سایە لەگەڵمدایە
لەو ڕۆژەوەی بە گریان هاتم و
پێکەنین لە پێشوازیمدا بوو
جلی ئومێدیان لەبەر کردم
بەدوای تۆدا دەگەڕێم و
پێت ناگەم پێت ناگەمەوە
ئەی تەنهاترین ئومێدی من
ئەی نیشتیمان...!

## درێژەی..لەوەرزی ئازادیدا، ژەنەڕاڵی پایز گەڕایەوە

بەجوانی حاڵەتە دەروونیەکەی وێناکردوە، خوێنەر هەست دەکات لەتەنیشت نوسەرەوە دانیشتوە لەویستگەی میترۆکەدا، چاوەڕوانی گەشتنی میترۆکەیە تابیگەیەنێتە پێشانگاکە.

دیسان دەگەڕێینەوە سەر ئەو بارە دەرونییە ناجێگیرەی نوسەر لەویستگەی میترۆکە، کاتێک دەیەوێ خۆی ئارام بکاتەوە دەبەیەک ئاو لەجانتاکەی شانی دەردەهێنێ و قومێکی لێ دەخواتەوە، لەلای خۆیەوە دایدەنێ، جارێکی تر بیری دەروا بۆ لای هاوڕێ شاعیرەکەی و بیر لە کوێرەوەی ژیان و نەهامەتی ئەو شاعیرە دەکاتەوە، کاتێک فیشکەی میترۆکە ڕایدەچەنێنێ دەبینێ پیاوێکی پیری هەژار دەبە ئاوەکەی ئەوی هەڵگرتوەو ئەو ئاوەی تیاماوەتەوە دەیرژێتە ناو سەلەی خۆڵەکەوە و دەیەوێ دەبەکە بەبەتاڵی هەڵبگرێ تابیفرۆشێتەوە بە چەند سەنتێک، کاراکتەر لەو دۆخە ناهەموارەدایەو ئەوەش دەبینێ کەپیرە چۆن دەبە ئاوەکەی بردوە، بەنیازە بچێت سەرکۆنەی پیرە پیاو بکات، لەناکاو دەنگێ لەناخیدا دێتە جواب و کاراکتەرەکە ڕادەگرێ و پێی دەڵێ نەکەی، ئەوە بەتەمای بچیت ئەو پیرە پیاوە سەرکۆنە بکەی کەچەند قومێ ئاوی تیا مابوو ڕشتی لەپێناو بەدەستهێنانی چەند سەنتێک کە بەهۆی دەبەکەی دەستی تۆوە دەستی دەکەوێت، لێرەدا نوسەر دەکەوێتە ئەو دایەلۆگە دەروونیەی خۆیەوە لەوڕێگەیەوە موخاتەبەی ناخی خۆی دەکات وجارێکی تر دەیەوێ هاوڕێ شاعیرەکەی بناسێنێ بە ئێمەی موتەلەقی و پێمانبڵێ، هاوڕێکەم کەسێکی میهرەبان بوو، کەسێک بوو چەندی لەگیرفاندا بوایە کاتێک هەژارو نەدارێکی بدیبایە نیوەی پارەکەی گیرفانی پێ دەبەخشی، پێمان دەڵێ ڕاستە محمد عومەر عوسمان خۆی کوشت بە چەشنی ڤانکوخی هونەرمەندی شێوەکاری هۆڵەندی، بەڵام ئەو ئێستا تابلۆکانی بە هەزارەها یۆرۆ دەفرۆشرێ و لە گەلەری مەلیکی وڵاتان پێشانگا بۆ تابلۆکانی دەکرێتەوە، بەڵام (ژەنەڕاڵی پایز) ەکەی ئێمە ئێستاشی لەسەر بێت، نەخوێندرایەوەو ئاوڕیان نە لەژیانی درایەوە تاکو لەژیاندا بوو نە لەدوای مەرگیشی هۆڵێک، باخچەیەک، کتێبخانەیەک، باخچەیەکی هاوینەو هەوارێ، شاقامێکی پایزانە کرا بەناویەوە، پێمان دەڵێ ئەو بۆئەوە خۆی نەکوشت کە نەدارو هەژارو کەم دەستە، بەڵکو ئەو بەهیوا بوو بەتەنیشت چوار وەرزەکەی ساڵەوە وەرزێکی تر بوونی هەیە ئەویش وەرزی ئازادییە، واتە ژیان بەهەر چوار وەرزەکەیەوە مانایەکی نییە بەبێ ئازادی .!

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بلآوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

* هیچ بابەتێك بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...

## درێژەی دوا وتە

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بەوێنەی وەزارەتێکی کارتۆنی خزمەتکاری بۆرژوازی، لە کاتێکدا بریار لە موچەی کرێکاران بەگشتی و کرێکارانی کەرتی تایبەت، بەتایبەتی دەدات، کە خۆی لە دنیایەکی تەواو جیاوازی تەسەلدا ژیان دەکات، کە هەر سەعات کارێکی وەزیر و وەزارەتخانەکانیان، هاوشانی مانگێک موچەی کریکاران زیاترە بێ ئەوەی هیچ سودێک بە کۆمەڵگە بگەیەنن. ئەو وەزارەتخانەیە بەوێنەی هەموو وەزارەت خانەکانی تر و پەرلەمانە کارتۆنیەکەیان، نەک هەر زیادەن بەسەر کۆمەڵگەی کوردستانەوە، بەڵکو سەرچاوەیەکی دۆشینی بەری ڕەنجی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان و داهاتی گشتی کۆمەڵگەن.

لانی کەمی کرێی کرێکاران و کارمەندان، دەبێت لەسەر بنەمای وەڵامدانەوە بەلانی کەمی پێداویستی ژیان و گوزەرانی خێزانێکی پێنج نەفەری بێت، و لەگەڵ هەڵاوسان و گرانی بازار و چوونە سەری خواست و پێداویستی ژیاری، ئەو کرێیەش بە راوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی کرێکاران و ڕێکخراوە کرێکارییەکان بڕیاری لێبدرێت. بۆ کەسان و دەزگاو وەزارەتێک ئەگەر بە زیندووی هەبن، دیاریکردنی ٣٥٠ هەزار دینار بۆ مانگانەی کرێکارێک، لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا، نەک هەر کرێ نییە، بەڵکو سەدەقیەکی ڕەزیلانەیە، بۆ کەسانێک کە گەدایی دەکەن... بۆیە ئەوە بەڕاستی سوکایەتیەکی ئاشکرایە بە کرێکاران.

کرێ خانوو، کرێی ئاو و کارەبا، کرێی هاتووچۆ، کرێی خەستەخانەو خوێندن، جل و بەرگ و خواردن و خواردنەوە، کرێی موەلیدە، کرێی زبڵ فرێدان، کرێی سەفەر....بە چ پێوانەیەک نەک بە ٣٥٠ هەزار بەڵکو و٧٥٠ هەزاریش، بەشی مانگانەی خێزانیکی پێنج نەفەری دەکات؟ بەتایبەت کە باسێک لە بیمەی بێکاری و خزمەتگوزارییەکان نەبێت. وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە دوورو نزیک ئاگاداری ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و خێزانەکانیان نییە، گرانی بازاڕ و پێداویستییەکانی ژیان، دەستیان ناگەزێت و هەستی پێ ناکەن، بۆیە زۆر بێ شەرمانە و بێ گوێدانە بازار و پێداویستەکانی ژیانی خێزانە کرێکارییەکان، بریاری دژە ئینسانی لەدژی کرێکاران بەسودی کۆمپانیا و سەرمایەدارە چاوچنۆکەکان دەدەن.

دیارە نەک تەنها ئەو بەشە لە کرێکارانی کەرتی تایبەت، کە یاسای کار و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئاگاداری ژیان و گوزەرانیان نییەو بێبەشن لەسەرەتاییترین ماف و هەلومەرجی گونجاو بۆ ژیان و ژینگەیەکی تەندروست بۆکار، بەڵکو تەواوی چینی کرێکارو و کارمەندان، ڕووبەڕووی کەمی موچەو نائەمنی شوێنی کار، کەمی ماف و خزمەتگوزارییەکانن. لەوانەش زیاتر بە پاساوی پوچی بەردەوام، موچە دەبڕدرێت، دوا دەخرێت و مانگەکان درێژ دەکرێنەوە.

ئەو بڕیارەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، هێندە دژە کرێکاریی و نائینسانییە، هیچ لێکدانەوەیەک هەڵناگریت، ئەوە نەبێت کە ئەم وەزارەتە و بەرپرسانی هەڵگری ویژانێکی مردون و پێویستە لەلایەن چینی کریکار و ڕێکخراوە کریکاریی و پێشکەوتنخوازەکان و تەواوی جەماوەری ستەم دیدەوە، ئەم بریارەو ئەم وەزارەتە ویژدان مردووە، تورِ بدرێت.

**ناوەڕاستی فێبریوەری ٢٠٢٢**

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

## نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

هاوژین زیبا، عبدالرحمن رسول، سەردار عەبدوڵا حەمە، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، هەتاو عەبدوڵاهی،حەکیم میرزا، خالید بایەزیدی...

## لەگەڵ دۆسیەکی تاییەت سەبارەت بە"پرسی پێکهێنانی حکومەت لە عێراق"دا...

## چەند کورتە شیعرێکی خالید بایەزیدی" دلێر"





چەقۆیەك
ماتەمی گرت
وە ك هەوری بەهاران گریا
کاتێك کە بیستی:
ژنێك...
بە دەستی پیاوێك
سوورایی خوێنی
تێکەڵاوی
گوڵی هەڵاڵە و گەزیزە بوو
................................
منداڵێك

قەفەسێکی
کێشاو
ئاسمانێکی شین
وە باوکی زیندانیشی
کە بە باڵەفرکە
بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێ
................................
بۆ فرین
مەرج نیە
باڵ وپەرت هەبێت
من بینیومە:
شاعیرانێك
بە هەڵفڕینیان
تەنانەت لە کوترەکانیش

وەپێش کەوتوون
................................
ئێستاش ئاشقی
ئەو پێڵاوانەم
کە باوکی کرێکارم
بۆی دەستاندم
وە من دڵم نەدەهات
هەرگیز!
لە پێیان کەم
شەوتا کوو بەیان
لە ژێر سەرینەکەم
دەم خەواندن؟!!!

## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح






## دوا وتە

# بریارێکی دژە کرێکاریی کە پێویستە ڕیسوا بکرێت!

عەبدوڵا مەحمود



وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بە بەنووسروایێک کە بەرواری ٣١/١/٢٠٢٢ لەسەرە، بڕیاری داوە کە کەمترین موچەی مانگانەی کرێکارانی لە کەرتی تایبەت ( ٣٥٠٠٠٠ ) سێ سەدو پەنجا دینار کەمتر نەبێت و بۆ هەر سەعات کارێک (٢٥٠٠) دوو هەزار و پینجەسەد دیناری دیاری کردەووە.

کرێی کرێکاران لەهەموو گۆشەو کەنارێکی ئەم دنیایەدا، بەپێی بەڕێوەچوونی ژیان و گوزەرانی خێزان و زامن بوونی لانی کەمی پێداویستیەکانیان، دیاریدەکرێت. هاوکات لەگەڵ چوونەسەری نرخێ شتومەک و هەڵاوساندا، کرێی کرێکارانیش دەبرێتە سەرەوە. بەشێوەی گشتییش لەسەرجەم وڵاتەکانی دنیادا یاسای کار هەیە، یاسایەک کە لانی کەمی خۆشگوزەرانی ئاسایش و ماف و ئەرکەکان و هەلومەرجی کرێکاران لەبەرچاو دەگرێت. دیارە ئەو ئاستەش لە خۆشگوزەرانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سەلامەتی شوێنی کار و ماف و ئەرکەکان، تا دەگات بەلانی کەمی موچە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا رەنگدانەوەی خەبات و ئاستی هوشیاری چینی کریکار و بەرهەمی خەباتی ئەو چینەیە، نەک خێر و سەدەقەیەک کە بۆرژوازی دانی پیا نابێت.

لە زوربەی زۆری وڵاتانی دنیای ئەم سەدەمەدا دیاریکردنی لانی کەمی کرێ و چوونەسەری ئاستی ساڵانەی کرێ لەڕێگای گفتوگۆی نێوان سەندیکا و نەقابە کرێکارییەکان لەگەڵ نوێنەرانی خاوەن کار و دەوڵەتدا بریاری لێدەدرێت.

لە کوردستاندا، باسێک لە یاسا کارێکی نوێ کە هەلومەرجی ئێستای ژیان و گوزەران و بەرەپێش چوونی کۆمەڵگەو چوونە سەری ئاستی چاوەروانیەکانی چینی کرێکار لەبەرچاو بگرێت نەک نییە، بەڵکو تا بەئێستا دەگات یاسای کاری سەردەمی بەعس، کە کرێکارانی گۆڕی بە فەرمانبەر بەڕێوەدەچێت. یاسایاک کە مۆرو نیشانی چەند دەهە پێشووی پێوەیە و بەهیچ پێودانگێک لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا ناگونجێت.

بۆ لاپەڕە 13